# خوێندنەوەیەکی یاسایی بۆ بڕیاری ژمارە (٥٥)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تایبەت بە بابەتی ڕاپرسی هەرێمی کوردستان

(لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە)

م. کاروان أورحمان إسماعیل

مامۆستای یاسای گشتی

زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی

doi:10.23918/ilic2018.01

**پێشەکی:**

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی خۆیدا بە ژمارە (٢٣) لە ٢٧/ ٩/ ٢٠١٧ کە بە سەرۆکایەتی (دکتۆر سلیم الجبوری) سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و بە میوانداری سەرۆك وەزیرانی حکومەتی فیدراڵ (حیدر العبادی)، وە بە ئامادەبونی هەریەك لە ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی عێراق و وەزیری بەرگری و وەزیری ناوخۆ و وەزیری نەوتی عێراق وە بە ئامادەبونی (١٨٤) ئەندام پەرلەمان کۆبۆوەو تیایدا دەنگدرا بەکۆنوسی بڕیاری ژمارە (٥٥) کە تایبەت بوو بەبابەتی (ڕاپرسی هەرێمی کوردستان). ئەمە لە لەکاتێکدا کە هیچ یەکێك لە ئەندامە کوردەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئامادەی دانیشتنەکە نەبون. لەیەکێك لە بڕگەکانی ئەم بڕیارەدا هاتووە کورد پێکهاتەیەکی سەرەکی عێراقە و پێویستە پارێزگاری لەو پەیوەندییە بکرێت، بەڵام بەبێ ئامادەبونی نوێنەرانی ئەو پێکهاتە سەرەکییە، بڕیار لەچارەنوس و ئایندەو پەیوەندییەکانی درا.

دیدی کورد بۆ ئەنجامدانی راپرسی سەبارەت بە گەیشتن بەمافی چارەی خۆنوسین بە مافێکی سروشتی خۆی زانیوە، وە چەندین ساڵ لەو پێناوەدا خەباتی کردووە، وەهەمیشە پێی وابووە کەئەمە مافێکی سروشتی گەلانە و ناکۆك نییە لەگەڵ دەستوردا، وە بەپێی بەڵگە نامە نێودەوڵەتییەکان ئەم مافە دراوە بەهەموو گەلێك تا لەژێردەستەیی و زۆرداری دەسەڵاتی گەلانی سەردەست رزگاری ببێ و بەمافەکانی خۆی بگات بەپێی یاسای نێودەوڵەتی. [١]

بەڵام لایەنی بەرانبەر کە دەوڵەتی ناوەندی عێراقە، ئەم مافەی بەکورد رەوا نەبینیوە و لەهەموو سەردەمێکدا کوردی بەوە تاوانبار کردووە کە جودا خوازن، خیانەتکارن دژی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلانی عێراق دەوەستنەوە و بە پاڵپشتی بێگانە هەوڵی جیابونەوە ئەدەن و یەکڕیزی نێو ماڵی عێراق تێکدەدەن، بۆیە داوای جیابونەوە یان ڕاپرسی کورد لەسەر ئەو پرسە نایاسایی و نادەستورییە، وە بۆ رێگە گرتن لەو بابەتە پەنای بردۆتە بەر بەکارهێنانی هێز و داواکردن لەووڵاتانی ناوچەکە

[١] د. عصام العطیة، القانون الدولي العام، المکتبة القانونیة، بغداد، الطبعة الثانیة، ٢٠١٢، ص ١٥٧– ١٥٨.

كە هاوكاربن لە چارەسەركردنى ئەم دۆخە، بەبيانوى مەترسييەكانى ئەم پرسە لەسەر وولاتانى ناوچەكە و هەولدان بۆ بە هەريمايەتى كردنى كێشەكەو بەشدارى پێكردنى وولاتانى ناوچەكە.

حكومەتى عێراق بەم هەنگاوە كێشەكان ئالۆزتر دەكات كەلێنى نێوان پێكهاتەكانى عێراق زياتردەكات كە بنچينەدا لەسەر بيرۆكەى نەتەوەيى و ئاين و ئاينزايى بنياتنراوە. وە هەروەها بەشدارى و هاوبەشى راستەقينە لەعێراقدا دەكەوێتە ژێر پرسيارەوە، بەوەى عێراق لەلايەن شيعەوە بەرێوە دەبرێت و چەمكى هێز زالە بەسەر چەمكى تەبايى و يەكرِيزى و پێكەوە ژيان. وە ئەو مافانەى لەدەستورى عێراقدا دەستەبەركراوە بۆ تاكەكانى كۆمەلگاى عێراقى هەمووى دەكەوێتە ژێر هەرِەشەوە. وە پێويستە عێراق پابەندى ئەو رِێكەوتننامەو بەلێننامە و بنەما نێودەولەتيەكان بێت كە بە رونى ئاماژەى داوە بە مافەكانى مرۆڤـ و مافى چارەى خۆنوسينى گەلان، وەكو بنەماكانى ياساى نێودەولەتى گشتى و رێكخراوى لێبوردنى نێودەولەتى وە رێكخراوى نەتەوە يەكگرتووەكان[٢] كەپشتيوانى لە هەموو گەلان دەكات تا بەمافەكانى خۆيان بگەن، وە عێراق خۆى ئەندامى ئەو رێكخراوەيە.

## ١: چوارچێوەى ميتۆدى توێژينەوە

### ١–١: پرسيارەكانى توێژينەوە

برِيارى ژمارە (٥٥)ى ئەنجومەنى نوێنەران، سەرۆك وەزيرانى عێراقى پابەند كرد بە جێبەجێكردنى سەرجەم برِگەكانى ئەو برِيارە كەتايبەتە بەسرِينەوەو نەهێشتنى شوێنەوارى راپرسى هەرێمى كوردستان، كە بە برِواى هەندێك زۆربەى ئەو برِگانە دەستورى نين و زياتر رەهەندێكى سياسيان هەيە. وە بۆ ئەو مەبەستە سەرۆكى هێزە چەكدارەكانى پابەندكردووە بە بەكارهێنانى هەموو ئامرازەكان وە لەناويشياندا بەكارهێنانى هێز. بۆيە ئێمە لەم توێژينەوە زانستييەدا هەولْ ئەدەين شيكردنەوەو بەراوردێك بكەين لەنێوان برِگەكانى برِيارى ژمارە (٥٥) لەگەلْ دەستورى كارپێكراوى عێراق و جارِنامەى گەردون بۆ مافەكانى مرۆڤـ و بنەماكانى ياساى گشتى نێودەولەتى، كە عێراق بەگوێرەى دەستور خۆى پابەند كردووە بەو بنەما سەرەكييانەوە. وە هەولئەدەين وەلامى ئەو پرسيارانە بدەينەوە كە ئەم برِيارە دروستى كردووە، لەناوياندا:

– ئايا ئەنجامدانى راپرسى هەرێمى كوردستان دەستورى بوو ياخود نا؟ وە لە چ ياسايەكدا ئەنجامدانى راپرسى بە تاوان ئەژماركراوە تا ئەنجامدەرانى راپرسييەكە بە تاوانبار دابنرێن و داواى دادگاييكردنيان بكرێت؟

– ئايا ئەو كەسانەى كە ممارەسەى مافێك دەكەن كە بە پێى ياساى نێودەولەتى دەستەبەركراوە و دەستور رێگرى نەكردووە، دەبێت ئەو مافەيان لێ زەوتبكرێت و سزابدرێن؟

– ئايا داواكردنى گەرِانەوەى كەركوك و ناوچەجێناكۆكەكان بۆ ژێردەسەلاتى حكومەتى ناوەندى بەزەبرى هێز داواكاريەكى دەستوورييە، وەكو لە برِيارەكەدا هاتووە؟

[٢] د. عصام العطية، مصدر سابق، ص ١٥٨.

– ئايا دەستور ڕێگەی داوە کە هێز لە لەململانێ سیاسیە ناوخۆییەکان بەکار بهێنرێت لەناویشیاندا سوپا؟ وە ئایا بەپێی یاسی نێودەوڵەتی دەکرێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە ناوخۆییەکان پەنا ببرێتە بەر وولآتانی تر دەست وەربدەنە کاروباری ناوخۆیی وولآت و سەروەری وولآت پێشێل بکەن؟

– ئایا بڕیارەکە یەکانگیر و کۆکە یان پێچەوانەو دژ ە لەگەڵ یاساکان و دەستوری کارپێکراوی عێراق و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی؟

**١–٢) ئامانجی توێژینەوە**

ئامانج لەم توێژینەوە زانسییە، هەوڵدانە بۆ رونکردنەوەو شیکاری یاسایی ئەوبابەتانەی لەبڕیارەکەدا هاتووە، گەیشتن بەراستی و یاسایی بونی بڕیارەکە، وە بەراوردکردنیان بە یاسا و دەستوری کارپێکراوی عێراقی فیدراڵ. وە هەروەها لە روانگەی یاسای نێو دەوڵەتییەوە. چونکە بابەتی ریفراندۆم و رەوایەتی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستانی عێراق قسەو باسێکی زۆری لەسەر کراوە، نەك تەنها لەلایەن شارەزایان و سیاسیەکانی نێو شەقامی عێراق بەڵکو لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیشەوە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا ئامانجمانە بە شێوازێکی زانستی و دور لەکاریگەری نەتەوەیی و مەزهەبی هەڵسەنگاندنێکی یاساییانە بۆ برگەو مادەکانی ناو بڕیارەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بکەین سەبارەت بە دژایەتیکردن و بەرهەڵستکردنی پرسی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان.

**١–٣) میتۆدی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی وەسفی دەبەستێت بۆ شرۆڤەکردنی بڕیاری ژمارە (٥٥)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە لە (١٣) برگە پێکهاتووە. وە ئەم میتۆدە یەکێکە لەڕێگەباوەکان بۆ شرۆڤەکردنی بابەتە سیاسی و یاساییە هەنوکەییەکان.

ئەم بڕیارە لەبەر ڕۆشنایی یاساکان و دەستوری عێراقدا شرۆڤە دەکرێت، بەو پێیەی کەهەرێمی کوردستان بەشێکە لەعێراق و دەستوری عێراقیش وابڕیارە چارەسەری هەموو ململانێ و کێشە یاساییەکانی نێوانیان دەکات.

هەروەها بڕیاری ژمارە (٥٥) لەبەر ڕۆشنایی بەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا شرۆڤەدەکرێت، چونکە ئەم توێژینەوەیە گریمانەی ئەوەی کردووە کە وولآتانی هەرێمایەتی بەدەستپێشخەری عێراق تێوەگلاون لەدەستێوەردانی ناوخۆی کاروباری عێراق بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی ڕاپرسی، وە ئەمەش ڕەهەندێکی نێو دەوڵەتی هەیە. وە عێراق ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، کەبڕیارەکانی ئەم ڕێکخراوە سیفەتی پابەندبونی هەیە بۆ ئەندامانی و نابێت پێشێل بکرێت.

**٢: مافی چارەی خۆنوسین لەژێر ڕۆشنایی دەستوری عێراق و بنەما نێودەوڵەتییەکان**

ئەم توێژینەوەیە باس لە دوو لایەنی سەرەکی دەکات، کە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر تێگەیشتنی ئەم توێژینەوەیە کەبریتین لە:

**٢–١: میکانیزمە یاسایی و دەستورییەکانی عێراق لەمەر پرسی ڕاپرسی و جیابونەوەی هەرێمەکان.**

دەستوری عێراقی نوێ بۆ ساڵی ٢٠٠٥ لەهەل ومەرجێکدا نوسرایەوە کە چەندین پاڵپشتی نێودەوڵەتی و پاڵنەری نێودەوڵەتی هەبوو بۆ رازیکردنی کورد کە لەچوارچێوەی عێراقدا بەماف و ئازادییەکانی خۆی بگات، ئەویش لەڕێگەی پێدانی هەندێ مافی دەستورییەوە کە وەڵامدەرەوەی داخوازییەکانی کورد بووە کە بەدرێژایی دەیان ساڵ بزاڤی رزگاریخوازی کورد لەپێناویدا خەباتی کردووە.

کورد ڕۆڵێکی کارای هەبوو لەدروستبونی ئەو هەل ومەرجەی کەعێراقییەکان کۆبکاتەوە بۆ دروستبونی حکومەت و بۆ داڕشتنەوەی دەستوریش بەشێوەیەك لەکۆی (٥٥) ئەندامی نوسینەوەی دەستور ١٥ ئەندامی لیژنەکە کورد بون لە هاوپەیمانێتی کوردستانی.[٣] کە دواتر ئەم دەستورە لەڕێی ڕاپرسیی گەلەوە لە ڕۆژی ١٥/ ١٠/ ٢٠٠٥ دەنگی لەسەر دراو (٪ ٧٨)ی عێراقییەکان بە کورد وعەرەب و پێکهاتەکانی ترەوە، پەسەندیان کرد.[٤]

دەستوری عێراق لەچەندین مادەدا زامنی مافەکانی کوردی کردووە، کە بۆ یەکەمجارە لەمێژوی عێراقدا بەو شێوەیە لەدەستوردا باس لە ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد بکرێت.

لەمادەی ٤ی دەستوردا زمانی کوردی وەك زمانێکی فەرمی عێراق ناساندووە.[٥] وە دەستوری عێراق جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی کە عێراق وولاتێکی فرە نەتەوەیە ونەتەوەی کورد دووەم نەتەوەی سەرەکی عێراقە لەپاڵ نەتەوەی عەرەبدا، وە هەموو مافە مەعنەوی وڕۆشنبیری و دەستوری و سیاسی و ئابورییەکانی هەیە، وەدانیناوە بە هەرێمی کوردستانداو دەسەڵاتێکی فراوانی پێداوە تەنانەت لەڕوی ئاسایش وسەروەریشەوە.[٦]

**بەخوێندنەوەی دەستوری عێراقی فیدراڵ ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە دەستور بەشێکی گرنگی لە مافەکان کورد دەستەبەرکردووە و ئەگەر دەستور وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، ئەوا کورد توانیوێتی لە رێگەی دەستورەوە چەندین دەستکەوتی گرنگ مسۆگەر بکات لەبوارە جیاجیاکاندا ، لەروی سیادی وسەروەرییەوە و دانپێدانان بەحکومەتی هەرێم کوردستان لە مادەکانی ١٢ و ١١٧ و ١٢٠ و ١٢١ و ١٢٦و ١٤٠ و ١٤١، وە دەستکەوتی ئابوری گرنگ لە مادەکانی ١١١ و ١١٤و ١١٥، وە دەستکەوتی رۆشنبیری و پەروەردە و فێرکردن لە مادەکانی ٤ و ٤٩ .**

**لەگەڵ ئەوەی ئەم مافانە بەپێی دەستور بۆ گەلی کورد مسۆگەر کراون، بەڵام هێشتا وەڵامی خواستی گەلی کوردی نەداوەتەوە، بەتایبەت لەلایەن دەستەبژێر و شەقامەوە، چونکە پێیان وابوو کە ئەمە بۆ کورد بەس نییە. ئەمە بووە هۆکارێك بۆ دروستبونی خواستی جیابونەوە وهەنگاونان بۆ راپرسی، کە لە (٩٢.٧٪) گەلی کوردستان دەنگیاندا بە (بەڵێ) بۆ دروستبونی دەوڵەتی کوردستان و جیا بونەوە لەعێراق [٧]، کە کورد رەوایەتی هەیە بۆ ئەوەی ئەو داوایە بکات بەڵام لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی پاڵپشتی سیاسیان لێناکرێت.[٨] وە حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق هیچ**

---

[٣] محمد العاطی، ظروف کتابة مسودة الدستور العراقي، المتاح علی الموقع الالکتروني (الجزيرة) في ١٥/ ١٠/ ٢٠٠٥.
(١٧/ ١/ ٢٠١٨) http://www.aljazeera.net/specialfiles/pages/dfcb101d-1cf5-45e3-8175-970d5b7434ce

[٤] منذر الفضل، مشکلات الدستور العراقي، الحوار المتمدن، العدد ٣١٨٤، في ١٣/ ١١/ ٢٠١٠، المتاح علی الموقع الالکتروني الحوار المتمدن. (٨/ ١١ / ٢٠١٨) http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=235116

[٥] مادەی چوارەم، بڕگەی یەکەم/ دەستوری عێراق، ساڵی ٢٠٠٥. (زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لەعێراقدا...).

[٦] عبدالستار الکعبي، امتيازات الأکراد في الدستور العراقي، بحث منشور علی الموقع الألکترونی (کتابات) في ٢٤/ ٩/ ٢٠١٧.
(٢٢/ ١٠/ ٢٠١٧) https://kitabat.com/2017/09/24/

[٧] استفتاء اقلیم کوردستان، خبر منشور علی الموقع الالکتروني (بی بی سی/ عربي) الاعلامية، في ٢٧/ ٩/ ٢٠١٧.
(١٩/ ١٢/ ٢٠١٧) http://www.bbc.com/arabic/middleeast-41417117

[٨] د.جاسم توفیق خۆشناو، مەسەلەی کوردو یاسای نێو دەوڵەتان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٢، لاپەرە ٤٣٩.

**كات وەلأمدەری مافەكانی گەلی كورد نەبون، لەدوای روخانی رژێمی سەدام و بەشداری كورد لە دەسەلأت، حكومەتی عێراق بەهەمان بیرو بۆچونەوە مامەلەی لەگەڵ مافەكانی كورد كردووە، هەروەكو پشتگوێ خستنی مادەی ١٤٠ دەستور.**

**هەرێمی كوردستان وەك چارەسەرێك بۆ كێشەكان لەچوارچێوەی عێراقدا رازیبوو بە سیستەمی فیدرالی و لەدەستوردا جێگیركرا، بەلأم ئەوە رەها نییە، یەكێتیەیەكی ئارەزوومەندانەیە، بەردەوام بونی هەرێمە لەسەر ئەوهەلبژاردەیە بەندە بە پابەندبونی لایەنی بەرانبەر و پێكهاتەكانی تری عێراق بە دەستورەوە كەلەسەری رێككەوتون. وە لەكاتی پێشێلكردنی دەستور كەكاربكاتە سەر سیستەمی فیدرالی یان بەرژەوەندییەكانی هەرێمەوە، ئەوكاتە هەرێم مافی ئەوەی هەیە هەرهەنگاوێك بنێت كەبەگونجاوی بزانێت لەجیاتی مانەوە لەناو ئەم یەكێتییەدا.[٩]**

**٢–٢: میكانیزمە یاساییەكان بۆ پرسی سەربەخۆیی لە بەلێننامە نێودەولەتییەكان و بنەماكانی یاسای نێودەولەتی گشتی.**

مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلێك لەمافە بنەرەتی وگرنگەكانی یاسای نێودەولەتی گشتییە لەئێستادا سەقامگیر بووە، سیفەتی یاسایی پابەندكاری وەرگرتووە لە بەرانبەر حكومەتەكان و دەولەتانی جیهان[١٠] وە زۆربەی بەلگەنامە نێودەولەتییەكان گرنگیان پێداوە، وەك بەلگەنامەی رێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان كەگرنگی زۆری بەم پرنسیپە داوە لەمادەی یەكەم / برگەی دووەمدا ئاماژەی بەدوو بنەمای گرنگداوە كەهاوكاری گەشەكردنی پەیوەندی دۆستانە دەكات لەنێوان دەولەتاندا ئەوانیش: یەكسانی لە مافەكان و مافی چارەی خۆنوسینە،[١١]هەروەها لە مادەی (٥٥) ی بەلگەنامەكەدا ئەم مافە دوبارە بۆتەوە.[١٢]

لەسالی ١٩٥٨ و ١٩٦٠ كۆمەلەی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان پالپشتی دوو بریاری كرد كە مافی چارەی خۆنوسین بدرێت بە گەلانی ژێردەست لە پێناوی گەشەكردنی پەیوەندی نێودەولەتی لە نێوان دەولەتاندا. وە لەسالی ١٩٧٠ بریاریدا بە مافی گەلانی چەوساوە لە بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسیندا.[١٣]

پەیماننامەی نێو دەولەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەكان بەپێی بریاری ٢٢٠٠ د – ٢١ لە بەرواری ١٦/ ١٢/ ١٩٦٦ – كۆمەلەی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان لەمادەی یەكەم و سێیەمدا دەقیداوە لەسەر ئەوەی كە گەلان مافی ئەوەیان هەیە

[٩] د. شورش حسن عمر، خصائص النظام الفدرالي في العراق، دراسة تحليلية مقارنة، من منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٩، ص ٣١٦.

[١٠] د. عبدالله علي عبو، القانون الدولي العام ، مكتبة يادكار لنشر الكتب القانونية، السليمانية، ٢٠١٥، ص ١٨٢.

[١١] د. محمد المجذوب، التنظيم الدولي النظرية والمنظمات العالمية والاقليمية والمتخصصة، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، الطبعة الثامنة، ٢٠٠٧، ص١٩٣–١٩٤.

[١٢] مادەی (٥٥) بەلگەنامەی نەتەوە یەكگرتووەكان: (ئارەزوی ئامادەسازی بۆ خۆشگوزەرانی و سەقامگیری كە پێویستن بۆ بنیاتنانی پەیوەندییەكی ئاشتییانە و دۆستانە لەنێوان نەتەوەكانداكە رێكخرابێت لەسەر بنەمای رێزگرتن لەو بنەمایە كەوا دەخوازێت گەلان لەنێوان خۆیاندا لە مافدا یەكسان بن و هەموو گەلێك مافی چارەی خۆنوسینی هەیە ...)

[١٣] د. سهيل حسين الفتلاوي، التنظيم الدولي، دار الثقافة، عمان، ٢٠٠٧، ص ١٠١. و ينظر خليل اسماعيل الحديثي، الوسيط في التنظيم الدولي، جامعة بغداد، ١٩٩١، ص ٢٤٧–٢٤٨.

خۆیان چارەنوسی خۆیان دیاری بکەن، وە دەبێت وولاّتانی ئەندامانی پەیماننامەکە کاربکەن بۆ بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنوسین و رێز لەو مافە بگرن، ئەویش بەگوێرەی ئەحکامەکانی یاسای گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان.[١٤]

جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە ماف گەلانی رەسەن، دەقیداوە لەسەر گەیشتنی گەلان بە ماف چارەی خۆنوسین و ماف سەربەخۆیی.[١٥]

وە مافی چارەنوسی گەلان لە راگەیاندنی سەبارەت بە پەیوەندی دۆستان دانپیانراوە واتاکەش زیاتر دەوڵەمەند دەکات. ئەم راگەیاندنە دووپاتی دەکاتەوە کە (هەموو گەلێك ماف چارەی خۆنوسینی هەیە و هەموو دەوڵەتێکیش ئەرکی لەسەر شانە بۆ ئەوەی بەپێی پرنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان رێزی ئەم مافە بگرێت).[١٦]

هەروەها کۆنفرانسی جیهانی جەزائیر (١-٤ تەموزی ١٩٧٦) کە لەلایەن رێکخراوی فۆنداسیۆنی لیلیۆ باسۆ و کۆمەڵەی جیهانی بۆ ماف و رزگاری گەلان بەشێوەیەکی دەوڵەمەندتر دوپاتی پرنسیپەکانی ماف چارەنوسی کردەوە، لەبەندی حەوتەمی بەیاننامەکەدا هاتووە (هەموو گەلێك ماف ئەوەی هەیە حکومەتێکی دیموکراتی هەبێ بە جۆرێك نوێنەری گشت هاوولاّتیان بێ بەبێ جیاوازی لە روی رەگەز ، توخم، ئایین و رەنگی پێست وە کارامەیی ئەوتۆی هەبێت کە رێزگرتنی تەواوەتی و راستەقینەی ماف و ئازادیە بنەرەتیەکانی مرۆڤ بۆ هەموو لایەك دابین بکات).[١٧] هەروەها پێش ئەنجامدانی راپرسی لەلایەن گەلەوە ناکرێت بەشێکی دەوڵەت بلکێت بەهەرێمێکی ترەوە.[١٨] لەمادە (١٩) پرۆژەی لیژنەی یاسای نێودەوڵەتی لەسەر بەرپرسیارێتی دەوڵەتان هاتووە کە کاری نارەوای نێودەوڵەتی تاوانی نێودەوڵەتییە، وەك ئەو کارانەی دەستدرێژییە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی و ئەو کارانەی کە دەستدرێژی مەترسیدارە بۆ ماف چارەنوسی خۆنوسینی گەلان.[١٩]

لە دوبارە بونەوەی دەقەکان لەسەر ماف چارەی خۆنوسین بۆ گەلان لە زۆربەی ئەو بریارانەدا بەتلیبەت لەلایەن کۆمەڵی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە دەنگی زۆرینەی وولاّتانی جیهان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم بنەمایە بۆتە بنەمایەکی یاسایی بنەرەتی لەیاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخدا.[٢٠]

---

[١٤] پەیماننامە بنەڕەتییە نێودەوڵەتیەکانی ماف مرۆڤ، وەرگێرانی بۆ کوردی ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤ – نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عێراق، لە بڵاوکراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، ساڵی ٢٠١٦، لاپەرە ٤٠.

[١٥] مادەی چوارەم لە جارنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافی گەلانی رەسەن لە ١٣/ ٩/ ٢٠٠٧.

[١٦] د.جاسم توفیق حۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٤٢٦.

[١٧] د.جاسم توفیق حۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٤٣٨.

[١٨] د. عصام العطية، مصدر سابق، ص ١٥٧.

[١٩] د. صلاح الدين عامر، مقدمة لدراسة القانون الدولي العام، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٧، ص ١٢٧-١٢٨.

[٢٠] د. عصام العطية، مصدر سابق، ص ١٥٨.

**٣: كاردانەوەی دەوڵەتی عێراق لەڕوانگەی دەستوری عێراق و بنەما نێودەوڵەتییەکان بەرانبەر پرسی ڕاپرسی.**

دەوڵەتی عێراق لەبەرانبەر ئەنجامدانی ڕاپرسیدا بەتەواوی هێزییەوە بەرەنگاری پرۆسەکە بۆوە، پەرلەمانی عێراقدا لەبڕیارێکی سیانزە بڕگەیدا، دەستی حکومەتی عێراقی ئاوەڵا کرد بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ ڕێگە گرتن لە ڕاپرسییەکە. کە هەوڵئەدەین لە توێژینەوەیەدا خاڵ بەخاڵی تاوتوێ بکەین.

**٣–١: تێڕوانینی حکومەتی عێراق لەسەر ئەنجامی ڕاپرسی**

**لە برگەی یەکەمی بریاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕاپرسی هەرێمی کوردستانی بە نادەستوری لەقەڵەمداوە و دەڵێت: ئەنجامدانی ڕاپرسی لەلایەن دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە نادەستورییە و پێچەوانەی حوکمی مادەی (١)ی دەستوری عێراقە کە دەقی داوە: (ئەم دەستورە زامنی یەکپارچەیی خاکی عێراقە)، لەبەر ئەوە پوچەڵە، وە هەموو ئەو ئەنجامانەی لەسەری دروستدەبێت پوچەڵە.**

ڕاپرسی بریتییە لەکرداری وەرگرتنی ڕای گەل لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، وە گەل لەهەموو کەس باشتر بەرژەوەندی خۆی دەزانێت.[٢١]

دەستوری زۆربەی وولاتانی جیهان و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان لەچەندین بڕگە و مادەدا جەخت لەسەر یەکلاکردنەوەی کێشەکان دەکات بەشێوەی ئاشتیانەو لەرێگەی ئەنجامدانی ڕاپرسییەوە، ئەویش لەپێناو دەربڕینی دەنگی ئازادی هاوولاتیان لەسەر بابەتە کێشە لەسەرەکان، تا هەموو تاکێك بەشداری بکات و دەنگی هەبێت لەیەکلاکردنەوەی کێشەکان کەپەیوەندی ڕاستەوخۆی بەژیان و بەرژەوەندییانەوە هەیە.

کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ڤیەننا، بڕیاریداوە کەهەموو گەلان مافی چارەی خۆنوسینیان هەیە بە ئازادانە، وە ڕێگرتن لەگەیشتن بەو مافە، دەستدرێژییە بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ.[٢٢] وە یەکێك لە ڕێگەکانی گەیشتن بەمافی چارەی خۆنوسین بریتییە لە ئەنجامدانی ڕاپرسی.[٢٣]

ڕاپرسی ئامرازێکی دیموکراتی ڕاستەوخۆیە، بەو پێیە بانگهێشتی هاونیشتمانیان دەکرێت کە ڕای خۆیان دەربڕن لەرێگەی دەنگدانەوە بەرانبەر بەو ڕێوشوێنەی دەسەلات ئەیەوێت بیگرێتە بەر، مانای ئەوەیە کە هاونیشتمانیان مافیان هەیە کە بەشداربن لە یەکلاکردنەوەی هەندێ کاروباری حوکمدا وە بەشداربن لە دروستکردنی بڕیاردا.[٢٤]

---

[٢١] عثمان رحمن محمد، تأثيرات القانون الدولي لحقوق الانسان في الدستور العراقي الدائم، من منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١١، ص ٢٠٦.

[٢٢] مادەی دووەم/ برگەی ٢، جارنامەو بەرنامەی کاری ڤییەنا، کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ، لەڤییەنا لەنێوان ١٤–٢٥/ ٦/ ١٩٩٣.

[٢٣] د. عبدالله علی عبو، مصدر سابق، ص ١٨٥.

[٢٤] دلاور عثمان مجيد، دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥ (دراسة سياسية تحليلية)، من منشورات أكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر، السليمانية، ٢٠١٢، ص ٢٠٣ – ٢٠٤.

دەستوری عێراق لەدیباجەدا ئاماژەی داوە بە (یەکێتی عێراق) کە ئەمە دەربرینێکی ئاشکرایە بۆ فیدرالیەتی عێراق کە ئازادانەیە و هەڵبژاردەی گەلی عێراقە، وە بەتایبەتیش داوایەکی سەرەکی گەلی کوردە، کە بەلابەلایی مانای ماف جیابونەوە ئەبەخشێت لەکاتی بونی ئارەزوو بۆ جیابونەوە لەلایەن هەردوو گەلی کوردو عەرەبەوە.[٢٥]

وە دەستوری عێراقی فیدراڵ لە چەند مادەیەکدا باس لە ئەنجامدانی راپرسی ئەکات بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان دەرچونی یاسا و ئەو بابەتانەی جێگەی مشتومرە.

– بۆ ئەوەی دەستوری عێراق بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە بەمەرج وەرگیراوە کەدەبێت لەرێگەی رەزامەندی گەلەوە بێت ئەویش بە ئەنجامدانی راپرسی گشتی.[٢٦]

- وە بۆ بەکارهێنانی زمانی فەرمی لەپارێزگاکاندا بە رێگەی راپرسی دەستنیشان دەکرێت.[٢٧]

– بۆ دروستبونی هەرێمی تر رێگەدراوە لەرێگەی راپرسییەوە یەکلا بکرێتەوە.[٢٨]

–هەموارکردنەوەی مافە بنەرەتییەکان کە لەدەستوردا هاتووە کە پەیوەندی بە ماف و ئازادییەوە هەیە، دەبێت بەمەرجی تایبەت و بەرەزامەندی گەل وە لەرێگەی راپرسی گشتییەوە دەبێت.[٢٩]

*وە بۆ رێژەی دەنگدان لەسەر ئەو راپرسیانەی لە دەستوردا هاتون بە زۆرینەی سادەی دەنگدەران وەردەگیرێت.[٣٠] وە سەبارەت بە هەموارکردنەوەی دەستور بەپێویست زانراوە لەرێی راپرسی گشتییەوە رەزامەندی گەل وەربگیرێت.[٣١]*

*بەخوێندنەوەی دەستوری عێراق و ئەو مادەو برگانە کە باس لە راپرسی گشتی ئەکات، ئەو راستییە دەرئەکەوێ کە راپرسی ئامرازێکی کارپێکراو و پشتپێبەستراوە بۆ بریاردان لەسەر ئەو بابەتانەی کە لەدەستوردا هاتووە، کە ئەمە بروای تەواوی یاسادانەر دەرئەخات بە راپرسی وەك ئامرازێکی ئاشتیانە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان، لەبەر ئەوەی راپرسی جەخت لەسەر بنەمای سەروەری گەل ئەکاتەوە و قسەی کۆتایی بۆ گەلە کاتێك بابەتەکە پەیوەندی بە بەرژەوەندییەکانیانەوە هەبێت. وە هەروەها راپرسی گیانی حیزبایەتی کەمدەکاتەوە و سنورێك بۆ رۆڵی حیزبەکان دائەنێت، وە لەدەسەلاتی کەمینە بەسەر زۆرینەدا کەمدەکاتەوە.[٣٢]*

*وە لەهەمان برگەدا ئاماژەی بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق کردووە (کۆماری عێراق دەوڵەتێکی فیدرالی یەکگرتوی سەربەخۆی خاوەن سەروەرییە، رژێمی حوکمرانی تێیدا کۆماری نوێنەرایەتی (پەرلەمانی) دیموکراسیە، ئەم دەستورەش یەکپارچەیی عێراق دەپارێزێت).*[٣٣] بەو مانایەی جێبەجێکردنی دەستور زامنی یەکپارچەیی عێراقە، ئەمە لەکاتێکدایە کە

---

[٢٥] عثمان رحمن محمد، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٢٠٨.

[٢٦] مادەی ١٤٤، دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

[٢٧] مادەی ٤، برگەی ٥/ دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

[٢٨] مادەی ١١٩، دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

[٢٩] مادەی ١٢٦، برگەی ٢، ٣، ٤، دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

[٣٠] مادەی ١٣١، دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

[٣١] مادەی ١٤٢، برگەی سێیەم و چوارەم/ دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

[٣٢] دلاور عثمان مجيد، مصدر سابق، ص ١١٣.

[٣٣] مادەی یەکەم، دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

سالآنێکه حکومەتی عێراقی فیدراڵ پابەند نەبووە بە دەستورەوە. دەسەڵاتدارانی بەغداد نەیانویستووە پابەندبن بەدەستورەوە تا رێگە بگرێت لە پارچەبونی عێراق. لەئاشکراترین پێشێلکردنی دەستوردا جێبەجێنەکردنی مادەی (٥٨)ی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەیە کە پێویست بوو دەسەڵاتی راپەراندنی گواستراوە بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی ئەو مادە دەستورییە بگرێتە ئەستۆ، کە ئەم مادەیە لەروی یاساوە قەبارەی ئەو کێشەیەی دەردەخست کە رژێمی پێشوو خولقاندبوی. بەدرێژایی قۆناغی گواستنەوە هیچ چارەسەرێك بۆ کێشەی کەرکوك و ئاوارەکانی ئەو شارە نەکرا کەژیانیان لە خێوەتگاکاندا بوو. بێجگە لە دەستی دەستیکردن و سیاسەتی دواخستن و کەنارخستن لەلایەن حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق هیچی تر نەکرا و چارەسەری بنەرەتی بۆ ئەو کێشەیە نەدۆزرایەوە،[٣٤] کەپێویست بوو دۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە سەرژمێری بکرێت و پاشان راپرسی ئەنجام بدرێت لە کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکانی تر.[٣٥] کە دواتر لە دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥ خرایە چوارچێوەی مادەی ١٤٠ دەستورەوە، بەپێی مادەکە دەبوو تا کۆتایی مانگی ١٢/ ٢٠٠٧ جێبەجێ بکرایە.[٣٦]

ئەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو لایەنەی پابەندی دەستور نەبووە خودی دەوڵەتی عێراق بووە نەك هەرێمی کوردستان، وە لەکاتی جێبەجێنەکردنی دەستور و خۆشاردنەوە لە ئەرکەکان، دیارە پەرچەکردار دروستدەبێت و لایەنی بەرانبەر بۆ رێگایەکی تر ئەگەرێت کە مافەکانی خۆی مسۆگەر بکات.

**٣-٢: راسپاردنی سەرۆك وەزیران بۆ بەکارهێنانی سوپا لەیەکلایی کردنەوەی کێشە سیاسییەکان.**

لە برگەی دووەمی بریارەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەبارەت بە پرسی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستاندا هاتووە:(پابەندکردنی سەرۆکی هێزەچەکدارەکان کە هەموو رێوشوێنە دەستوری و یاساییەکان بگرێتەبەر بۆ پاراستنی یەکێتی عێراق و پاراستنی هاونیشتمانییەکانی، وە فەرمان بۆ هێزە ئەمنییەکان دەربکات کە بگەرێنەوە بۆ هەموو ناوچە جێناکۆکەکان، وەلەناویشیاندا کەرکوك و گەرانەوەی بۆ ئەو حاڵەتەی کە هەبووە پێش ١٠/ ٦/ ٢٠١٤).

پابەندکردنی سەرۆکی هێزەچەکدارەکان بەبەکارهێنانی هێز بەرانبەر بە هاوبەشی راستەقینە لە حوکمدا بێگومان جێگەی سەرنجە، لەکاتێکدا کەسەرۆك کۆمار نیشانەی یەکپارچەیی وولآتەو بەپێی دەستور دەبوو ئەم ئەرکە دەستورییە روبەروی

[٣٤] ما الذي يرعبهم من نص المادة ١٤٠ من الدستور العراقي؟ مقال منشور على الموقع الرسمي لحكومة اقليم كوردستان في ٢٤/ ٤/ ٢٠١٧. http://www.gov.krd/a/d.aspx?a=17489&l=14 (٢/ ٢/ ٢٠١٨)

[٣٥] المادة ٥٨ من قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية.

[٣٦] مادەی ١٤٠، دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥. (یەکەم: دەسەڵاتی راپەراندن هەنگاوی پێویست دەنێت بۆ تەواوکردنی جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی مادەی (٥٨) لەیاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە بەهەموو برگەکانیەوە. دووەم: ئەو بەرپرسیاریەتیەی لەسەر شانی دەسەڵاتی راپەراندنە لە حکومەتی ئینتیقالیدا کە لەمادەی (٥٨) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەدا ئاماژەی پێکراوە، بەردەوام دەبێت و دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی راپەراندنی هەڵبژێردراو بەگوێرەی ئەم دەستورە بۆ ئەوەی بەتەواوی جێبەجێ بکرێت (ئاساییکردنەوە، سەرژمێری، لەکۆتایدا ئەنجامدانی راپرسی لە کەرکوك و ناوچەکانی تر کە ناکۆکیان لەسەرە بۆ دیاریکردنی ویستی هاووڵاتیان) لەماوەیەکی دیاریکراودا کە لە مانگی ١٢/ ٢٠٠٧ تێپەر نەکات).

سەرۆك كۆمار بكرایەتەوە،[٣٧] وە دەبوو پەنا ببرایە بۆ چارەسەری كێشەكان بەشێوەی ئاشتییانە كەئەمە بنەمایەكی یاسای نێودەوڵەتی گشتییە، پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهان یەكێكە لە ئامانجە سەرەكییەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان، هەر دەستدرێژییەك بۆ سەر ئاشتی و ئاشتی گەلان پەیوەندی بەئاسایشی جیهانییەوە هەیەو پێویستە بۆ چارەسەری كێشەی گەلان بەرێگەی ئاشتیانەو بەپێی پرنسیپ و یاسا نێودەوڵەتییەكان بكرێ.[٣٨] نەك هاندان وئاراستەكردنی سەرۆك وەزیران بە بەكارهێنانی هێز. پەرلەمان لەكاتێكدا دەسەڵاتی بەكارهێنانی هێز ئەدات بەسەرۆك وەزیران، كە بەپێی دەستوری عێراق نابێت هێزە چەكدارەكان لەململانێ سیاسییەكاندا بەكار بهێنرێت دژ بە لایەنێكی تر كە بەبەشێك لەگەلی عێراق ئەژمار دەكرێت، (هێزە چەكدارەكانی عێراق و دەزگای ئاسایش لەپێكهاتەكانی گەلی عێراق پێكدێت بە رەچاوكردنی هاوسەنگی و رێژەی نوێنەرایەتیكردنیان بەبێ جیاوازی یا دورخستنەوەی هیچ لایەك و لەژێر ركێفی دەسەڵاتی مەدەنیدا دەبێت و بەرگری لەعێراق دەكات و نابێتە دەزگایەك بۆ داپڵۆسینی گەلی عێراق و دەست وەرنادات كاروباری سیاسییەوە و رۆڵی نابێت لە ئالوگۆری دەسەڵاتدا).[٣٩]

لەخوێندنەوەی ئەم مادەیەدا ئەگەینە ئەو راستییەی كە گەلی كورد وەك بەشێك لە گەلی عێراق ئەژمارنەكراوە، بۆیە لەبەرانبەریدا هێز بەكارهاتووە كە ئەمەش پێچەوانەی دەستورە. بەپێی راپۆرتی رێكخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لەناوچەكانی كەركوك و دوزخورماتوو عێراق هێزەسەربازییەكان و هێزەمیلیشیاكانی (حشدی شعبی) بەكارهێنا بۆ داپڵۆسینی ناوچە كوردییەكان سەدان ماڵ و دوكانی هاووڵاتیان روبەروی تاڵانكردن و سوتاندن بۆوە و سەدان هەزار كەسی سڤیل لەسەر زێدی خۆیان ئاوارە بون.[٤٠]

گەرانەوەو بڵاوەپێكردنی هێزە عێراقییەكان لەناوچە جێناكۆكەكان بەهەمان شێوە یاسایی نییە، چونكە ناوچەی جێناكۆك جێگەی مشومرە لەنێوان دوولادا، كەواتە دەسەڵاتی رەهای هیچ لایەك نییە تا كێشەكە یەكلایی نەبێتەوە، بۆیە دەبێت لایەنی كەم دەسەڵاتی هاوبەش بێت، نەك بە زەبری هێز دەوڵەتی عێراق ناوچەكان بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی، لەكاتێكدا كەهێزە عێراقییەكان بێبەرگری ئەو ناوچانەیان لە بەرانبەر داعشدا چۆڵكرد. بەڵام هێزەكانی پێشمەرگە بەرگرییان لەو ناوچانەكرد رێگەیان نەدا بكەوێتە ژێر دەسەڵاتی داعش.

**لە بەشێكی دیكەی بریاری ژمارە ٥٥ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا هاتووە كە: بانگهێشتكردنی بەرێز سەرۆك كۆمار كە هەستێت بەو ئەركانەی خۆی كەدەستور دەقی لەسەر داوە لەمادەی (٦٧)دا بەو پێیەی نیشانەی یەكێتی نیشتیمان و نوێنەری سەروەری وڵاتە و هەوڵدەدات بۆ پابەندبون بە دەستورو پارێزگاری لەسەربەخۆیی عێراق و سەروەری یەكێتی و سەلامەتی خاكەكەی.**

---

[٣٧] مادەی ٦٧، دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

[٣٨] د.جاسم توفیق حۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٣٨٨.

[٣٩] مادەی ٩، برگەی أ/ دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

[٤٠] العراق: تشكيل لجنة للتحقيق في انتهاكات مدينة طوزخورماتو خطوة مرحب بها، المتاح على الموقع الرسمي لمنظمة العفو الدولية، ٩/ ١/ ٢٠١٨ ( ٢٨/ ٢/ ٢٠١٨)-https://www.amnesty.org/ar/latest/news/2018/01/iraq-committee-to-investigate-abuses-in-tuz-khurmatu-a-welcome-step

بەپێی دەستوری عێراق (سەرۆك كۆمار سەرۆكی وولات و نیشانەی یەكپارچەیی نیشتمان و سەروەری وولاتە، هەوڵدەدات بۆ پابەندبوون بە دەستورو پارێزگاری لە سەربەخۆیی و سەروەری و یەكێتی و پاراستنی خاكی عێراق بە پێی بڕگەكانی دەستور).[٤١]

دەبوو هەر لەسەرەتاوە كە سەرۆك كۆمار ئەو ڕۆڵە گرنگەی هەیە بەپێی دەستور، داوا لە سەرۆك كۆمار بكرایە كە یەكڕیزی و یەكێتی عێراق بپارێزێت، كە دیارە بە حوكمی كارەكەی بەشێوەی ئاشتیانەو بە ڕێگەی كەناڵە دیبلۆماسییەكانەوە چارەسەری كێشەكەی دەكرد، نەك بەبێ گەڕانەوە بۆ دەستور بەپێی بڕگەی دووەم لە بڕیارەكە كە داوای لەسەرۆك وەزیران كردووە وەك سەرۆكی هێزە چەكدارەكان، هەموو ڕێوشوێنێك بگرێتە بەر بۆ پاراستنی یەكێتی عێراق و گەڕانەوەی هێزە ئەمنییەكان بۆ ناوچە جێناكۆكەكان. كە ئەمە ئاماژەیەكی ئاشكرایە بۆ كەمكردنەوەی ڕۆڵی سەرۆك كۆمار كە ئەركە سەرەكییەكەی بەپێی دەستور، ئەدرێت بە سەرۆكی هێزە چەكدارەكان و دەستی ئاوەڵا ئەكات بۆ بەكارهێنانی هێز لە چارەسەركردنی كێشە ناوخۆییەكان، كە ئەمەش پێچەوانەی دەستورە.

**٣–٣: سزادانی گەلێك بەرانبەر ئەنجامدان و بەشداریكردن لەڕاپرسیدا.**

**لە بەشێكی تری بڕیارەكەدا باس لە سزادانی ئەنجامدەرانی ڕاپرسی دەكات و لە بڕگەی سێیەمدا دەڵێت: جەختكردنەوە لە جێبەجێكردنی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بە شوێنكەوتن و سزادانی بەرپرسان لە ئەنجامدانی ڕاپرسی لەناویاندا سەرۆكی هەرێمی ماوە بەسەرچوو، بدرێن بەدادگاو بەپێی یاساكانی عێراق، وە هەموو ئەو فەرمانبەرە كوردانەی كە لە دامودەزگاكانی دەوڵەتی فیدراڵدا كاردەكەن.**

داوای دادگایی كردن و سزادانی ئەو كەسانەی كە بەرپرسن لە ئەنجامدانی ڕاپرسی، بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ڕاپرسی بەتاوان ئەژمارنەكراوە تا سزای لەسەربێت،[٤٢] وە كارێك بەتاوان دانەنرێت بەپێی یاسا، ناكرێت سزای ئەنجامدەرانی بدرێت، وەكو لە مادەی یەكەم لە یاسای سزادانی عێراقی جەختی لێكراوەتەوە، كە سزا لەسەر هیچ كارێك نییە ئەگەر بەدەقی یاسا بەتاوان دانەنرابێت، كاتی ئەنجامدانی كارەكە،[٤٣] وە لەهەمان كاتدا ئەمە دژی مادەی ١١ جارنامەی گەردونی مافەكانی مرۆڤە.[٤٤] وە ئاشكرایە نابێت هیچ كەسێك لەسەر ڕەفتارێك تۆمەتبار بكرێت یان بگیرێت ئەگەر یاسا بەتاوانی دانەنابوو بەپێی دەقێكی یاسایی، بۆیە ناكرێت بەیاسا نەبێت ڕێگری بكرێت لەئەنجامدانی كارێك.[٤٥]

---

[٤١] مادەی ٦٧ دەستوری عێراق بۆساڵی ٢٠٠٥.

[٤٢] تایبەت بەو بابەتە مادەی ٥، ٧، ٨ لە جارنامەی فەرەنسی بۆ مافەكانی مرۆڤ و هاووڵاتی ، ساڵی ١٧٨٩.

[٤٣] مادەی ١، یاسای سزادانی عێراق ژمارە ١١١، ساڵی ١٩٦٩. (سزا لەسەر كارێك یان ڕێگرتن لەكارێك نیە تەنیا بە دەقی یاسا نەبێت كە بەتاوان ئەژماری بكات كاتی ئەنجامدانی، وە نابێت سزاو ڕێوشوێنی خۆپارێزی بگیرێتە بەر ئەگەر یاسا دەقی لەسەر نەدابێت).

[٤٤] مادەی یانزەیەم:

(١) هەركەسێك تاوانی خرابێتە پاڵ، هەتا ئەوكاتە بێتاوانە كە لەدادگایەكی گشتیدا كەهەموو گەرەنتییەك بۆ بەرگریكردنی دابین دەكرێ و تاوانباربونی بەشێوەی یاسایی پشتراست دەبێتەوە.

(٢) هیچ كەسێك بۆ ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی كردەوەیەك لەكاتی ڕونەدانی كردەوەكە، بەپێی مافی نەتەوەیی یان نێودەوڵەتی بەتاوان دانەنراوە بە تاوانبار لەقەڵەم نادرێ، بەم هۆیەوە هیچ سزایەك لەوە قورستر كەلەكاتی ڕودانی تاوانەكە دەسەپێنرێت ڕوبەڕوی كەس نابێتەوە.

[٤٥] د.حسان محمد شفيق العاني، نظرية الحريات العامة – تحليل ووثائق حقوق الانسان، المكتبة القانونية، بغداد، ٢٠٠٤، ص ٥٦.

کەواتە نابێت کەسانێك بدرێنە دادگا لەسەربابەتێك کەنە بەیاساو نەدەستور بەتاوانی دانەنابێت (هیچ کەسێك تاوانبار ناکرێت و سزا نادرێت تەنها بەدەق نەبێت. هیچ کەسێکیش سزا نادرێت تەنها بەو کردەوانە نەبێت کە یاسا بەتاوانی دادەنێت، لەکاتی ئەنجامدانی تاواندا نابێت سزایەك بسەپێنرێت کەتوندتر بێت لەو سزایەی کە بۆ ئەو تاوانە دیاریکراوە).[٤٦] وە نە بەپێی رای دادگای باڵا تاوان نەبێت. بۆیە ئەم سزادانە رێگریکردنە لە دەربرینی رای ئازاد .

دەستوری عێراق جەخت لەسەر ئازادی رادەربرین دەکاتەوە[٤٧] وە دەستوری زۆربەی وولاتان و رێکەوتننامە نێو دەوڵەتییەکان وە جارنامەی گەردونی بۆ مافەکانی مرۆڤ جەخت لەسەر ئازادی رادەربرین دەکاتەوە و بە ماف هاوولاتیانی دائەنێت (ئازادی رادەربرین بەهەموو شێوەکان)[٤٨]. *لەو چوارچێوەیەدا داوای یاسایی لەسەر سەرۆك کۆمار تۆمار کرا لە دادگای باڵای فیدرالی، لەسەر پشتگیریکردنی راپرسی هەرێم و شکاندنی ئەو سوێندەی خواردوێتی بەپێی مادەی (٥٠) دەستور، وە پێشێلکردنی دەستور بەپێی مادەی (٦٧)، وە دادگا لە رۆژی ٧/ ١١/ ٢٠١٧ داواکەی رەتکردەوە لەبەر ئەوەی ئەم داوایە بەپێی مادەی (٩٣) لەپسپۆری دادگا نییە.*[٤٩]

*نوسینگەی حیدر العبادی ئاشکرایکرد کە رۆژی ٩/ ١٠/ ٢٠١٧ لیستێکی ناوی ئەوکەسانەی ئامادەکردووە کە هەستاون بەرێکخستنی پرۆسەی راپرسی هەرێم، تا رێوشوێنی یاساییان بەرانبەر بگیرێتە بەر، هەر بەرپرسێك یان ئەندام پەرلەمانێکی کورد لەسەر شاشەی تیڤی دەرکەوتووە و ئاشکرای کردووە کە بەشداری راپرسی کردووە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت*[٥٠]*. وە لەلایەن دادگای لێکۆڵینەوەی رەسافە – بغداد فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ئەندامانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی هەرێمی کوردستان دەرکرا.*[٥١]

هەر لەبرگەیەدا ناوهێنانی (سەرۆکی هەرێمی ماوە بەسەرچوو) کە چەند ساڵە پرسیار لەسەر پۆستەکەی هەیە لەهەرێمی کوردستان، بەغدا خۆی بەدورگرتووە لەو بابەتە و بەشێوەیەکی زۆر ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵ کردووە. ئەگەر مانەوەی سەرۆکی هەرێم لەپۆستەکەیدا بە نایاسایی لەقەڵەم ئەدەن، بۆ ئەو چەندین ساڵە مامەڵەی یاساییان لەگەڵ کردووە و وەك سەرۆکی هەرێم لە بەغدا پێشوازیان لێکردووە وە بەفەرمی دەسەلاتدارانی عێراق سەردانیان کردووە لە هەولێر. سەرۆك وەزیرانی عێراق چەند مانگێك پێش راپرسی، لە رۆژی ٧/ ٣/ ٢٠١٧ بەسەردانێکی فەرمی گەیشتە فرۆکەخانەی هەولێر وەك

---

[٤٦] مادەی ١٩، برگەی ٢/ دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

[٤٧] مادەی ٣٨، دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥. دەوڵەت ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ، بەمەرجێك نەبێتە هۆی تێکچونی یاساو ئادابی گشتی: یەکەم: ئازادی دەربڕین بەهەموو شێوەکان.

[٤٨] مادەی ١٩ جاڕنامەی گەردونی بۆ مافەکانی مرۆڤ: (هەموو کەسێك ماف هەیە بە ئازادی بیروڕای خۆی دەربڕێت. ئەم مافە ئاماژە بەوە دەکا کەهەموو کەسێك بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ بروای تایبەت بەخۆی هەبێت و لە بەدەستهێنانی زانیاری و بیرو را و بڵاوکردنەوەیان بە ئازادی دەستی بە ئامرازەکانی پێویست رابگات).

[٤٩] قرار المحكمة الاتحادية العليا، العدد ١٠١/ اتحادية/ اعلام/ ٢٠١٧

[٥٠] ئەو لیستەی لەلایەن پەرلەمانەوە نێرراوە بۆ داواکاری گشتی تا دادگایی بکرێن بیتی بون لەم ٩ ئەندام پەرلەمانە (عادل نوري، وڤیان الدخيل، ونجيبه نجيب، واشوق الجاف، وعبد العزيز حسن، ئاريز عبدالله، وسالم الشبكي، وعرفات كرم، وشاخەوان عبدالله)

[٥١] بعد دخول كركوك . هذه خطوات بغداد المقبلة. المنشور على الموقع الالكتروني وان نيوز في ١٩/ ١٠/ ٢٠١٧ http://oneiraqnews.com/index.php?aa=news&id22=2768#.WqrIJ2pubX4 (٢٥/ ١/ ٢٠١٨ )

سەرۆکی هەرێم سەردانی مسعود بارزانی کرد،[٥٢] بۆیە وروژاندن و باسکردنی ئەم بابەتە لەم کاتەدا رەهەندێکی سیاسی هەیە نەك یاسایی. وە لەلایەکی ترەوە لە رۆژی ١٧/ ٩/ ٢٠١٧ حیدر عبادی لەرێگەی راوێژکاری یاساییەوە نوسراوێکی ئاراستەی دادگای بالأی فیدرالّی کردووە، تا فەرمانێك دەربکەن بەنادەستوری بریاری راپرسی هەرێمی کوردستان. وە داوا لە دادگا کراوە کە (أمر ولائی) دژی (سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرەڕای کارەکەی) دەربکات.[٥٣] بەواتای ئەوەی تا ئەو کاتەی ئەیانەوێت کاك مسعود بارزانی لەراپرسی پاشگەز ببێتەوە سەرۆکی هەرێمە، بەلأم کە پاشگەز نەبۆوە لە ئەنجامدانی راپرسییەکە لەماوەی ١٠ رۆژدا بوو بە ماوە بەسەرچوو.

وە سزادانی هەموو ئەو فەرمانبەرە کوردانەی کەلە دەوڵەتی فیدراڵدا کاردەکەن ئەچێتە ناو خانەی سزادانی بەکۆمەڵ، چونکە هەموو ئەو کوردانەی بەشداری راپرسییان کردووە پیادەی مافێکیان کردووە کەلەرێگەی دەستورو یاسای کارپێکراوەوە ئەو مافەیان بۆ دەستەبەرکراوە کە بیروڕای جیاوازیان هەبێت، هەروەك لەدەستوردا ئاماژەی بۆ کراوە. هەر بۆیە سزادانی بەکۆمەڵ و جیاوازیکردن لەنیچوان پێکهاتەکانی عێراق بەپێی دەستوری عێراق رێگە پێدراو نییە (عێراقیەکان یەکسانن لەبەردەم یاسادا بەبێ جیاوازی رەگەز یان نەژاد یان نەتەوە یان بنەچە یان رەنگ یان ئاین یان ئایینزا یان بیرو باوەڕ یا بۆچون یا بارودۆخی ئابوری یان کۆمەلأیەتیان)،[٥٤] وە لە مادەی یەکەم و دووەمی جارنامەی گەردونی بۆمافەکانی مرۆڤ[٥٥] وە لەبەڵگەنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان رێگریکراوە لە جیاوازیکردنی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای رەنگ و ئاین ورەگەز و نەتەوە...[٥٦]

---

[٥٢] العبادي يصل الى أربيل، المنشور على الموقع الالكتروني (السومريه نيوز)، في ٧/ ٣/ ٢٠١٧
http://www.alsumaria.tv/news/197259 (2018/1/15)

[٥٣] نوسراوی ئەمینداریێتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بە ژمارە ق/ ٢/ ٢ – ٩٤ اتحادية/ ٢٠١٧.

[٥٤] مادەی ١٤، دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

[٥٥] جارنامەی گەردونی بۆ مافەکانی مرۆڤ (مادەی یەکەم: هەموو مرۆڤێك بەئازادی لەدایك دەبێ و کەرامەت و مافی یەکسانیان هەیە، هەمویان خاوەنی عەقڵ و ویژدانن و دەبێ لەگەڵ یەکدا هەڵسەکەوتی برایانەیان هەبێ).

(مادەی دووەم: ئەم ئازادی و مافانەی کە لە جارنامەکەدا ئاماژەیان پێکراوە هەموو مرۆڤێك بەشێوەی یەکسان و بەبێ هیچ چەشتە جیاوازییەك دەگرێتەوە، واتە نەژاد، رەنگ، رەگەز، زمان، ئاین، بیروڕای رامیاری یان هەر بیروباوەڕێکی دیکەی. هەروەها رەچەڵەك، بارودۆخی کۆمەلأیەتی، سەروەت و سامان، لەدایکبون و هەر شێواز یان بارودۆخێکی دیکە. هەروەها هیچ جیاکارییەك لەسەر بنەمای رامیاری، ئیداری، یان نێودەوڵەتی وولأتێك یان نیشتمانێك هەبێ کە کەسەکە هاوولأتی ئەو شوێنە بێت، جا ئەم وولأتە یان ناوچەیە سەربەخۆ بێت یان داگیرکراو یان دەسەلأتێکی سنورداری هەبێت).

[٥٦] برگەی ج/ مادەی ٥٥ بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان (لەجیهاندا رێز بگیرێت لەمافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەرەتییەکان بۆ هەموان بێ جیاوازی لە رەگەز و زمان و ئاین، جیاوازی نەکردن لەنێوان پیاو و ژن، رەچاوی ئەو ماف و ئازادیانە بکرێت).

**له برگەی شەشەمی بڕیارەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا هاتووە کە: ئەو ڕێوشوێنانە بگیرێتە بەر بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی لەسەر هەرێم دەرچووە. (بڕیاری لابردنی پارێزگاری کەرکوك).**

***پارێزگاری کەرکوك بەپێی یاسای*** (السلطات الحكومية المحلية) *ژمارە ٧١ ساڵی ٢٠٠٤ دانراوە، کە بەیاسای بول بریمەر ناسراوە. لەکاتێکدا کە لەهەموو شارەکانی تری عێراق کار بەیاسای* (قانون المحافظات غير المنتظمة في إقليم) ژمارە ٢١ ساڵی ٢٠٠٨ کراوە. ئەویش لەبەر ئەو بارودۆخە تایبەتەی کەشاری کەرکوك هەیەتی لەڕوی سیاسی و دانیشتوان و پێکهاتەیەوە.

بەپێی یاسای ناسراو بە یاسای بول بریمەر: ئەنجومەنی پارێزگاکان/ بەشی دووەم/ پێنجەم ( ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەتوانن پارێزگار یان جێگری پارێزگار لاببەن بەدوو لەسەر سێی دەنگ بەوهۆیانەی کەلەم فەرمانەدا دیاریکراوە). کەواتە لابردنی پارێزگار لەدەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگای ئەو شارەدایە بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا. لەکاتێکدا بریاری ژمارە ٥٥ پشتی بەستووە بەیاسای ژمارە ٢١ لە ١٩/ ٣/ ٢٠١٧، کە لە مادە ٨ برگەی دووەم هاتووە: (ئەنجومەنی نوێنەران بۆی هەیە پارێزگار لابەرێت بەدەنگی زۆرینەی رەها لەسەر پێشنیاری سەرۆك وەزیران بەو هۆیانەی کەباسکراوە). دیارە هۆیەکان بریتییە لەگەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی و کەمتەرخەمی.

بۆیە دانانی پارێزگار بەیاسایەك و لابردنی بە یاسایەکی تر دوو پێوەرییە لەجێبەجێ کردنی یاساداو یەکسانی بەدی نایەت، دەبوو بەهەمان یاسای کە دانراوە داوای لەسەرکارلابردنی بکرایە. بۆیە ئەم بابەتە یاسایی نییە و رەهەندێکی سیاسی هەیە.

***وە لەبرگەیەکی تری بریارەکەی ئەنجومەنی نوێنەراندا هاتووە: بەردەوامبونی هەموو کارمەندە کوردەکان کەبەشداری ڕاپرسییان نەکردووە لەسەر کارەکانیان و پاراستنیان.***

*بەپێی یاسا جیهانییە کارپێکراوەکان کارکردن مافێکە بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگا بەبێ جیاوازی، دەستوری عێراقیش لەو بارەیەوە دەقی داوە: (کارکردن مافی هەموو عێراقیەکانە بەجۆرێك کەژیانێکی ئاسودەیان بۆ مسۆگەر بکات).*[٥٧]

*وە لەو مافانەی کە دەستەبەر کراوە و بڕیار لێدراوە بۆ مرۆڤ مافی کارکردنە لەچوارچێوەی جاڕنامەی گەردونی بۆ مافەکانی مرۆڤە کە پێویستە مافی تاکەکان دەستەبەر بکرێت لەکارکردن و کرێی کار بە بێ جیاوازی، وە پێویستە هاوکاری هەموو تاکێك بکرێت تا خۆیی و خێزانەکەی ژیانێکی شایستە بژین: (هەموو کەسێك مافی کارکردنی هەیە و مافی هەڵبژاردنی کاری هەیە، وە هەموو تاکێك بێ جیاوازی مافی کرێ و مافی کاری یەکسانی هەیە...).*[٥٨] *وە رێکخراوی کاری نێو دەوڵەتیش جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی کە هیچ رێگایەك نییە بۆ دامەزراندنی ئاشتی هەمیشەیی جیهانی ئەگەر لەسەر بنچینەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی دانەمەزرێت، بۆیە لە هاوپێچی جاڕنامەی تایبەت بە ئامانجەکانی رێکخراوەکەدا هاتووە: ( بۆ هەموو تاکەکان بێ جیاوازی لەنەتەوە و ئایین و ڕەگەز، مافی کارکردنیان هەیە لەپێناوی خۆشگوزەرانی مادی و*

---

[٥٧] مادەی ٢٢، برگەی یەکەم/ دەستوری عێراق بۆساڵی ٢٠٠٥.

[٥٨] مادەی ٢٣، برگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم لە جاڕنامەی گەردونی بۆ مافەکانی مرۆڤ.

*پێشەوەچونی رۆحی لەبارودۆخێکدا کە ئازادی و کەرامەت و ئاسایشی ئابوری و هەلی یەکسانیان بۆ دەستەبەربکات).*[٥٩] *لەکاتێکدا عێراق خۆی ئەندامی ئەم رێکخراوە جیهانییەیەو دەبێت پابەندبێت بە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتییەوە.*[٦٠] *وە لەلایەکی ترەوە ئەوانەی دەنگیانداوە لە راپرسییەکەداو بەشداربون جیاکراونەتەوە، بەپێی ئەم برگەیە دەبێ سزابدرێن بەوەی لەکارەکانیان دوردەخرێنەوە، چونکە لە برگەکەدا هاتووە بەردەوام بون و پاراستنی کارمەندە کوردەکان کەبەشداری راپرسییان نەکردووە، کە ئەمە زەوتکردنی مافێکی سادەی هاوولاتیانە کە دەنگ بدات بە بەڵێ یان بەنەخێر، رەنگە ئەو کارمەندە دەنگی بەنەخێر دابێت، بەلام تێکەلاوکردنی هەموو بابەتەکان لە رێرەوی یاسای خۆی چۆتە دەرەوە، بۆیە نازانرێت چ بریارێکیان بۆ بدرێت. بێ ئەوەی تاوانێکیان ئەنجام دابێت دوچاری سزابونەتەوە کە ئەمەش دژە لەگەڵ بنەمای (هیچ کەسێك تاوانبار ناکرێت و سزا نادرێت تەنها بە دەق نەبێت، وەهیچ کارێك بەتاوان ئەژمار ناکرێت تا یاسا دەقی لەسەر نەدابێت کاتی ئەنجامدانی تاوانەکە).*[٦١] *کە دەستوری عێراق دەقی لەسەرداوە لە مادەی یەکەم لەیاسای سزادانی عێراق، وە ئەمەش یەکانگیرو کۆکە لەگەڵ مادەی پانزەم/ برگەی سێیەم لەجارنامەی گەردونی بۆ مافەکانی مرۆڤ.*

**٣–٤: داخستنی سنور و گەمارۆ خستنە سەر ناوچە کوردستانییەکان لە بواری ئابوری و سیاسیدا.**

**لە برگەی (٤)ی بریاری (٥٥)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هاتووە و دەڵێت: (داخستنی دەروازە سنورییەکان کە ئەکەوێتە دەرەوەی دەسەلاتی حکومەتی فیدراڵی، وە ئەو کالایانەی لەوێوە دێتە ناوەوە بەقاچاخ دادەنرێت، وە داوا لە وولاتانی دراوسێ ئەکات رێوشوێنی پێویست بگرنە بەر بۆ جێبەجێکردنی ئەم بریارەو هاوکاری عێراق بکەن).**

**لەدوای راپەرینی خەڵکی کوردستانەوە لە ساڵی ١٩٩١ بەتایبەت دوای کشانەوەی یەکە کارگێرییەکان لەهەرێمی کوردستان لەلایەن رژێمی بەعسەوە بۆ دەرەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی کورد. بەرەی کوردستانی ئەرکی بەرێوەبردنی یەکە کارگێرییەکان کەوتە ئەستۆی دەسەلاتی کورد،بەتایبەتی دوای یەکەمین هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان و دروستبونی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی دروستبونی دامەزراوەکانی حکومەت کەوتە ئەستۆی دەسەلاتی کوردی و وەزارەتەکان دامەزران و هەموو یەکەکارگێرییەکان دروستبون، وە بنەمای کارکردن پاڵپشت بە یاسای عێراقی بوو. پاراستنی سنورو رێکخستنی سیستەمی گومرگی بەشێوەیەك رێکخرا کە هەموو خاڵە سنورییەکانی گرتەوە، وە لەگەڵ وولاتانی دراوسێ لەخاڵە سنورییەکاندا مامەڵەیەکی فەرمی دەکرا لەسەر بنەمای یاسای کارپێکراوی عێراقی.**[٦٢]

**وە لەدوای روخانی رژێمی بەعس و نوسینەوەی دەستوری عێراق لەساڵی ٢٠٠٥، لە دەستوردا داننرا بەدەسەلاتی هەرێمی کوردستاندا (ئەم دەستورە لەبەرواری پیادەکردنیەوە دان بەهەرێمی کوردستان و ئەو دەسەلاتەی ئێستایدا**

---

[٥٩] منظمة العمل الدولية، مرفق الإعلان الخاص بأهداف ومقاصد منظمة العمل الدولية، ثانياً/ فقرة أ.

[٦٠] د.جاسم توفیق حۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٤٢٣.

[٦١] عثمان رحمن محمد، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٩٣ – ٩٤.

[٦٢] د. شورش حسن عمر، مصدر سابق، ص ١١١، ١١٢، ١١٣.

دەهێنێت وەك هەرێمێكی فیدرالی).[٦٣] ئەمەش مانای دانپێدانانی دەستورە بە هەموو دەسەڵاتەكانیداو هەموو ئەو یاساو رێكارانەی كە كارپێكراون لە هەرێمی كوردستاندا وە لەناویشیاندا بەرێوەبردنی گومرگ و خاڵە سنوورییەكانە كە بە درێژایی ١٤ ساڵی پێش دەرچونی دەستوری عێراقی لەلایەن دەسەڵاتی كوردییەوە بەرێوەچووە، ئەمە لەلایەك.

لەلایەكی ترەوە دەستوری عێراق دەقی داوە بەڕێوەبردنی خاڵە سنوری و گومرگییەكان دەسەڵاتی هاوبەشی نێوان حكومەتی فیدراڵ و حكومەتی هەرێمە (دەسەڵاتە هاوبەشەكانی نێوان حكومەتی فیدراڵی و حكومەتی هەرێمەكان ئەمانەن: یەكەم : بەڕێوەبردن و رێكخستنی گومرگ بەهەماهەنگی لەگەڵ حكومەتی هەرێمەكان و ئەو پارێزگایانەی ناكەونە سنوری هیچ هەرێمێكەوە. ئەمەش بەیاسا رێكدەخرێت).[٦٤]

وە لەبرگەی سێیەم، مادەی ١١٠ دەستوردا هاتووە: (ڕەنگرێژكردنی سیاسەتی دارایی و گومرگ و دەركردنی دراو و رێكخستنی سیاسەتی بازرگانی لەسەر سنوری هەرێم و پارێزگاكانی عێراق و دانانی بودجەی گشتی دەوڵەت و ڕەنگرێژكردنی سیاسەتی دراوو دامەزراندن و بەڕێوە بردنی بانكێكی ناوەندی).

دانانی ئەو كاڵایانە بەقاچاخ لەكاتێكدایە كەبەڕێوەبەرایەتییەكانی گومرگی هەرێم، بەپێی یاسای ژمارە ٢٣ ساڵی ١٩٨٤ هەمواركراوی كە لە عێراق كارپێكراوە كاردەكەن و بڕی باج و گومرگ بەپێی ئەو یاسایە دیاریكراوە، بۆیە ئەم داوایەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق داوایەكی یاسایی نییە.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە كە حكومەتی هەرێمی كوردستان هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە گەر تا پارێزگاری لەو دەسكەوتانە بكات كە لە دوای راپەلاینی خەڵكی كوردستانەوە بەدەستیهێناوە، لەبەرانبەردا حكومەتی فیدراڵی بەهەموو توانایەوە هەوڵیداوە پاشەكشێ لە فیدرالیەت بكات، هەموو دەسەڵاتەكان بەرەو بەناوەندكردن ببات و رۆڵی هەرێم و ئەو پارێزگایانەی لەهەرێمێكدا رێكنەخراون، لاواز بكات و دەسەڵاتەكانیان لێبسەنێتەوە.[٦٥]

دەوڵەتی عێراق بەئاشكرا رێگا بۆ پێشێلكردنی سەروەری وڵاتەكەی خۆی خۆش دەكات، كاتێك كەداوا لەوڵاتانی دراوسێ دەكات هاوكاری بن لە داخستنی سنورەكانی هەرێم و مامەڵە نەكردنی ئەو دەوڵەتانە لەگەڵ هەرێم، كە لە ٢٦ ساڵی ڕابردوودا دەروازەی بازرگانی فەرمی بوون و هەر لەو ڕێگایانەوە خۆراك و پێداویستی هاوردە كراون و نێردراون بۆ شارەكانی تری عێراق. وە داواكردنی عێراق لەوڵاتانی دراوسێ كە دەستوەردەنە كاروباری ناوخۆی عێراق، كە ئەمە پێچەوانەی بنەمای دەستوەرنەدانە لە كاروباری ناوخۆی وڵاتان كە یەكێكە لەگرنگترین بنەماكانی یاسای نێودەوڵەتی گشتییە، چونكە دەستوەردان لە كاروباری ناوخۆی وڵاتان كارێكی نارەوایەو پشت نابەستێت بەهیچ بنەمایەكی یاسایی.[٦٦]

---

[٦٣] برگەی یەكەم مادەی ١١٧ لەدەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥

[٦٤] برگەی یەكەم/ مادەی ١١٤ دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

[٣] بلند ابراهيم حسين شالى، العلاقة بين الحكومة الاتحادية والحكومات المحلية في النظم الفيدرالية (دراسة حالة العراق)، من منشورات مركز كردستان للدراسات الستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٤، ص ١٥٣.

[٦٦] د. محمد المجذوب، القانون الدولي العام، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، الطبعة السادسة، ٢٠٠٧، ص ٣٠٣.

وە دەوڵەتی عێراق جەختی کردۆتەوە لەسەر هەمان بنەما لە دەستوردا (عێراق ڕەچاوی بنەمای دراوسێیەتی دەکات و پابەند دەبێت بە دەستوەرنەدانە ناوخۆی وولاتانی دیکەوە، کاریش دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە هۆکاری ئاشتیانە، پەیوەندیەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و مامەڵەی هاوتا دادەمەزرێنێ و ڕێز لەپابەندبونە نێودەوڵەتیەکان دەگرێت)،[٦٧] بۆیە داواکردن لە وڵاتانی دراوسێ دژی ئەم بنەمایەیە و دەستوەردانە لەکاروباری ناوخۆی عێراق و خاڵێکی نادەستوورییە.

لە برگەیەکی دیکەی بریارەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا داوای دەرکردنی کێڵگە نەوتییەکان و ناوچە جێناکۆکەکان دەکات لەژێر دەستی کوردەکان ودەڵێت: (پێویستە لەسەر حکومەت کێڵگە نەوتییەکانی باکور لە کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان بگێڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی نەوت).

ئەگەر حکومەتی ناوەند بیانوی پابەندبونە بەدەستوری عێراقەوە، ئەوا پێویستە دەستور وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، وە دەبێت کێشەکان دەستنیشان بکرێت و خاڵی ناکۆك ببێتە بابەتی لێکۆڵینەوە و قسە لەسەرکردن. بەپێی دەستوری عێراق، حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمەکان هەماهەنگ دەبن لەبەرێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکان (حکومەتی فیدرالی لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان، نەوت و غازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەرێوە دەبات، بەمەرجێك داهاتەکانیان بەشێوەیەکی دادپەروەری و بەگوێرەی دابەشبونی دانیشتوان لەسەرجەم پارچەکانی وولاتدا دابەشبکرێت لەگەڵ دیاریکردنی پشك بۆ ماوەیەك بۆ ئەو هەرێمە زیانلێکەوتوانەی رژێمی پێشوو بێبەشی کردبوون و ئەوانەش کەپاشتر زیانیان لێکەوت بەجۆرێك گەشەسەندنێکی هاوتەریب بۆ ناوچە جیاوازەکانی وڵات مسۆگەر بکات و ئەمە بەیاسا رێکدەخرێت).[٦٨] بەگوێرەی دەستور حکومەتی ناوەند لەگەڵ هەرێم و ئەو پارێزگایانەی کە لەهەرێمێکدا رێکنەخراون، پێکەوە کاردەکەن لەکێڵگەکانی نەوتییەکاندا بۆ بەرهەمهێنانی نەوت و غاز لەکێڵگەکانی ئێستادا و پێکەوە سیایەتی نەوتی دادەرێژن. (حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێمەکان پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان و بەیەکەوە هەڵدەستن بە ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی ستراتیجی پێویست بۆ بەرەوپێشبردنی سامانی نەوت و غاز بەجۆرێك کەببێتە مایەی دەستخستنی زۆرترین سودو کەڵك بۆ گەلی عێراق ئەویش بەپشتبەستن بەنوێترین تەکنیکی بنەماکانی بازاڕو هاندانی وەبەرهێنان).[٦٩]

جیاوازی گەورە هەیە لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر مەسەلەی نەوت وغاز، حکومەتی هەرێم پرۆژە یاسای فیدرالی تایبەت بە نەوت و غاز رەتکردەوە و داوای هەموارکردنەوەی کرد بەشێوازێك کە هاورا بێت لەگەڵ دەستوری عێراق. کرۆکی جیاوازی نێوانیان زیاتر لە مافی دەستبەسەراگرتنی سەرچاوەکانی نەوت و غازە لە

---

[٦٧] مادەی ٨ دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

[٦٨] مادەی ١١٢، برگەی یەکەم لە دەستوری عێراق بۆساڵی ٢٠٠٥.

[٦٩] مادەی ١١٢، برگەی دووەم لە دەستوری عێراق بۆساڵی ٢٠٠٥.

**هەرێمی کوردستان و چۆنێتی دابەشکردنی داهاتەکەی، وە حکومەتی فیدراڵ دەیویست بابەتی نەوت و غاز لەژێردەستی خۆیدابێت، تا داهاتەکەی لەناوەندەوە دابەشبکرێت بەپێی بودجەی فیدرالی.[٧٠]**

**هەموو ئەو کێڵگە نەوتییانەی کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا بووە پێشتر، بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا بەڕێوەدەبرێت، وە کێڵگەنەوتییەکانی کەرکوک کاتێك حکومەتی عێراق هێزەکانی خۆی کشاندەوە لەوناوچانەداو هێزی پێشمەرگەی کوردستان شوێنەکانیان گرتەوە و پارێزگارییان لەو ناوچانە کرد و نەیانهێشت بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی داعشەوەو کورد بەرگری سەرسەختی لەو ناوچانەکردو سەدان شەهیدو قوربانیدا لەپێناوی پاراستنیدا، داواکردنەوەی ئەوناوچانە بەو ئاسانیە داوایەکی ناڕەوایە، لەکاتێکدا ئەم ناوچانە، ناوچەی جێ ناکۆکە بەپێی دەستوری عێراق ( ... ئاساییکردنەوە، سەرژمێری، لەکۆتاییدا ئەنجامدانی ڕاپرسی لەکەرکوك و ناوچەکانی تر کەناکۆکیان لەسەرە بۆدیاریکردنی ویستی هاوڵاتیان، لەماوەیەکی دیاریکراودا کەلە مانگی ١٢/ ٢٠٠٧ تێپەڕ نەکات).[٧١]**

**وە دادگای باڵای فیدرالی جەختی لەسەر ئەم پرسە کردۆتەوە و کەرکوکی وەك ناوچەی جێناکۆك ناساندووە، کە لەسەر ئەو پرسە ئەمینداریێتی گشتی ئەنجومەنی نوێنەران داوایەکی ئاراستەی دادگای فیدراڵی کردبوو بەنوسراوی ژمارە ١/ ٩/ ١١٤٠٣لە ڕۆژی ٢١/ ١٠/ ٢٠١٧ کەداوای ڕاڤەکردنی ناوچەی جێناکۆکی کردبوو.[٧٢] بۆیە بەپێی ئەم مادەیە و ئەم ڕایەی دادگای فیدراڵی، کەرکوك ناوچەی جێناکۆکە، وە ناوچەی جێناکۆك دەسەڵاتی ڕەهای هیچ لایەنێکی کێشەکە نییە و دەبێت بەهاوبەشی بەڕێوە ببرێت بۆیە ناکرێت تەنها لایەنێك بەبێ ڕێکەوتن هیچ ڕێوشوێنێکی یاسایی تیا بگرێتە بەر.[٧٣]**

**هەرچەندە ڕەخنەیەکی زۆریش ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت لەسەر چۆنێتی بەڕێوەبردنی دۆسیەی نەوت، کە حکومەتی عێراق تاوانباری دەکات بەوەی نەوتی هەرێم بەنایاسایی دەنێررێتە دەرەوەو بڕی هەناردەکردن و داهاتەکەی دیار نییە، هەر بۆیە وەزارەتی نەوتی عێراقی داوایەکی دژی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکرد لەسەر هەناردە کردنی نەوت و هەرەشەی لەو کۆمپانیا نەوتییانە کرد کە توشی لێپرسینەوەی یاسایی دەبن کاتێك نەوت لەهەرێم دەکڕن بە نافەرمی،[٧٤] وە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنیشەوە هەمان تێبینی هەیە و گلەییەکی زۆر ئاراستەی سیاسەتی نەوتی حکومەتی هەرێم دەکرێت. وە دەوترێت ئەو نەوتەی لەڕێگەی ئێران و**

---

[٧٠] وليد خدوري، نفط كردستان ومستقبل العراق، المنشور على الموقع الالكتروني (مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية)، في ١٠/ ٧ / ٢٠١٢. (٢٨/ ١/ ٢٠١٨)

http://www.ecssr.com/ECSSR/print/ft.jsp?lang=ar&ftId=/FeatureTopic/Walid-Khadduri/FeatureTopic_1573.xml

[٧١] بڕگەی دووەم، مادەی ١٤٠ دەستوری عێراق بۆساڵی ٢٠٠٥.

[٧٢] قرار المحكمة الاتحادية العليا، العدد ١١٣/ اتحادية/ إعلام/ ٢٠١٧

[٧٣] جلال سلمي، نظرة قانونية على استفتاء اقليم كوردستان العراق، المنشور على الموقع الالكتروني (ن بوست) في ٢٣/ ٩/ ٢٠١٧ (٢/ ٢/ ٢٠١٨) https://www.noonpost.org/content/19972

[٧٤] وزارة النفط تقاضي الثروات الطبيعية في كردستان بتهمة سرقة النفط العراقي، المتاح على الموقع الالكتروني (عراق برس) ٢٣/ ٥/ ٢٠١٤ (٢٧/ ٢/ ٢٠١٨) https://www.iraqpressagency.com/?p=63669

**توركیاوە هەناردە دەكرێت بە قاچاخ ناوی دەبەن و دەڵێن گەندەڵی لەم پرۆسەیەدا هەیە وداهاتەكەی دیارنیەو ناشەفافە.[٧٥] وە ئەم پرسە یەكێكە لە ناكۆكییە سەختەكانی نێوان حكومەت و ئۆپۆزسیۆن و بەغداش.**

**٣-٥: داخستنی كونسولگەری و نوێنەرایەتی وولاتان لەهەرێمی كوردستاندا**

**لە برگەی حەوتەمی بریارەكەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا داوای داخستنی نوسینگەو نوێنەرایەتی وولاتان دەكات و دەڵێت: پێویستە حكومەت باڵێۆزو نوێنەری ئەو وولاتانە بانگهێشت بكات كەنوێنەرایەتی و نوسینگەیان لەهەرێم هەیە، بەمەبەستی ئاگاداركردنەوەیان بەداخستنی نوێنەرایەتی و كونسولگەریەكان بۆ شارەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان.**

دەستوری عێراق دانیناوە بە هەرێمی كوردستاندا (ئەم دەستورە لە بەرواری پیادەكردنیەوە دان بە هەرێمی كوردستان و ئەو دەسەلاتەی ئێستایدا دەهێنێت وەك هەرێمێكی فیدراڵی).[٧٦] وە لە لایەكی ترەوە دانیناوە بە كردنەوەی نوسینگەی هەرێم لە باڵوێزخانەكان و كونسولگەرییەكان (نوسینگەی تایبەت بە هەرێم و پارێزگاكان دەكرێتەوە لە باڵێۆزخانەو نێردە دیبلۆماسییەكاندا بەمەستی بەدواداچونی كاروباری رۆشنبیری و كۆمەلایەتی و گەشەپێدان).[٧٧] بەواتای رێگەدان بە دروستبونی پەیوەندییە دیبلۆماسییەكان لەنێوان هەرێم و وولاتانی تر كە حكومەتی هەرێمی كوردستان هەمیشە هەوڵیداوە پەیوەندی دۆستانەی هەبێت لەگەڵ جیهانی دەرەوە هەرلەسەرەتای دروستبونییەوە، كە لەپاڵ دروستكردنی وەزارەتەكاندا فەرمانگەی پەیوەندییەكانی دەرەوەی كردەوە، تا ببێتە بەردی بناغەی پەیوەندییە دەرەكییەكان، وەحكومەتی هەرێمی كوردستان هەوڵی زۆریدا تا نوسینگەی حزبە سیاسییەكان بگۆرێت بۆ فەرمانگەی نوێنەرایەتی حكومەتی هەرێم لەو وولاتانە.[٧٨] وە وولاتانیش ماف كردنەوەی نوسینگەو كونسولگەرییان هەیە لەسەرجەم شارەكانی عێراقدا كە بە پێویستی بزانن، چونكە كونسوڵخانە لقێكە لە باڵوێزخانە، وە بۆ راپەڕاندنی كاروباری هاولاتیانی خۆیانە كە لەو هەرێمە نیشتەجێن، باڵوێزخانە لە پایتەخت دەبێت بەلام كونسوڵخانە لەشارە سەرەكیەكانی تر دەبێت.[٧٩] بەو مانایەی كەكردنەوەی كونسولخانە نایاسایی نییە.

ئەم بڕیارە دژی دەستور و دژی یاسای نێودەوڵەتییە لەلایەك، لەلایەكی ترەوە ئەم بڕیارە دژی بنەمای یەكسانییە. چونكە جیاكاری ئەكات لەنێوان هەولێرو شارەكانی تری عێراقدا كاتێك داوا ئەكات، نوێنەرایەتییەكانیان بگوێزنەوە بۆ شارەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان، كە ئەمەش داوایەكی نایاسایی و نادەستورییە.

**٣-٦: ڕاكێشانی هەست و سۆزی عەرەبی سونەو كوردەكان و قەرەبووكردنەوەیان.**

**لە خاڵێكی تری بریارەكەی ئەنجومەنی نوێنەراندا جەختیكردۆتەوە لەسەر جێبەجێكردنی ستراتیجی ڕێكەوتنی نیشتیمانی لەسەر بنەمای بالآیی شوناسی نیشتیمانی بۆ ڕۆڵەكانی گەلی عێراق.**

---

[٧٥] وەزیرێكی حكومەت: كەس نازانێت داهاتی هەرێم چەندە ، بابەتێكی بلاو كراوە لە سایتی ئەلكترۆنی (كوردیو) ١١/ ١/ ٢٠١٧ (٢٧/ ٢/ ٢٠١٨) http://www.kurdiu.org/index.php/ku/news/kurdistan/32014

[٧٦] برگەی یەكەم، مادەی ١١٧ دەستوری عێراق بۆساڵی ٢٠٠٥.

[٧٧] برگەی چوارەم، مادەی ١٢١ دەستوری عێراق بۆساڵی ٢٠٠٥.

[٧٨] د. شورش حسن عمر، مصدر سابق، ص ٢٨٦ – ٢٨٧.

[٧٩] د. صلاح الدین عامر، مصدر سابق، ص ٧٨٤-٧٨٥.

عێراق هەرلەسەرەتاوە بانگەشەی کردووە بۆ یەکگرتن و یەکگرتویی کۆمەڵگای عێراقی وئاشتەوایی نیشتیمانی و ڕێگەگرتن لەدابەشبونی ئاینی و نەتەوەیی لەدێباجەی دەستوردا هاتووە: (ئێمەی گەلی عێراق بەسەرجەم پێکهاتەکانیەوە بەتەواوی ویستی خۆمان بە ئازادانەو ئارەزوومەندانە بڕیاری یەکگرتنی ئارەزوومەندانەمان داوەو دەرس وەردەگرین لە ڕابردومان بۆ داهاتومان).[٨٠]

ئیرادەی ئاشتەوایی ناوەستێتە سەریەك لایەن، بەڵکو دەبێت ئیرادەی ڕاستەقینە هەبێت لەهەموو لایەنەکانەوە، کە لەعێراقدا ئەم ئیرادەیەو ئەم ویستە بونی نیە، لەبەر بێ متمانەییلایەنەکان بەیەکتر لەلایەك، وە دەستبەردارنەبونی لایەنەکان لەبەرژەوەندییەکانیان لە لایەکی تر.

وە بۆ ئەوەی ئاشتەوایی نیشتیمانی بەرهەمداربێت دەبێت چەند مەرجێکی تیابێت:

١– ئیرادەیەکی ڕاستەقینە لەدروشمەوە بۆ کردارو بەهاوڕایی بانگەشەی ڕاگەیاندن بۆ ئامادەکردنی ڕای گشتی.

٢– ئارەزوی دەستبەرداربونی لەهەندێ ماف و ئیمتیازات بۆ خاوکردنەوەی ئەو گرژییە ئاینی و نەتەوەییە.

٣– چەسپاندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دروستبونی ئەو هەستەی هەموان سەرکەوتون لە ئاشتەوایی نیشتمانیدا. نەك لایەنێك خۆی بە سەرکەوتوو باڵا دەست بزانێ و لایەنێکی تر خۆی بەدۆڕاو بزانێ.[٨١]

بەڵام ئەوەی تێبینی ئەکرێت حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق هەمویان بەهەمان گیانی بەهێزو سەرکەوتوو بەسەر ئیرادەی گەلی کوردا کاریان کردووە و هەوڵیان نەداوە بۆ پرۆسەی ستراتیجی ئاشتەوایی نیشتمانی، هەرگیز بەپێی دەستور وەك هاوبەشێك مامەڵەیان لەگەڵ کورد نەکردووە.

حکومەتی عێراق بە هیچ شێوەیەك کاری لەسەر ئاشتەوایی نیشتمانی نەکردووە، بۆیە داواکردنێکی ئاوا لەچوارچێوەی ئەم بڕیارەدا تەنیا بۆ چەواشەکردنی ڕای گشتییە، چونکە کردار و هەڵسوکەوتی سیاسی حکومەت پێچەوانەی گوتارە.

**لە برگەیەکی تری بڕیاری (٥٥)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا هاتووە کە پێویستە کار بکرێت بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان، وە هەموو بەکارهێنانی هەموو ئامرازێك بۆ بەدەستهاتنی ئەم ئامانجە و لەناویشیاندا بنیاتنانەوەی ناوچە زیانلێکەوتووەکان.**

*ئەگەر مەبەست لە گەڕانەوەی ئاوارە عەرەبە سونەکان بێت کە لەهەرێمی کوردستانن، ئەوا کات زۆر درەنگە کەلەم بڕیارەدا باسیان لێوە بکرێت، چونکە ئەوە بۆماوەی ٤ ساڵە، لەهاتنی هێرشە دڕندانەکانی داعش بۆ ناوچەکە لەساڵی ٢٠١٤ ئاوارە بون و لەهەرێمی کوردستان لەژێر خێوەت و کەپردا ژیانێکی سەخت بەسەردەبەن، بەو بارودۆخە نالەبارە ئابورییەی کەبەسەر هەرێمی کوردستاندا تێپەڕ ئەبێت، سەرەڕای بڕینی بەشەبودجەو بەشەدەرمانی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی ناوەندی عێراقەوە، ئەوەندەی تر ژیانی ئاوارەکانی قورسترکردووە.*

---

[٨٠] برگەی کۆتایی، دێباجەی دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

[٨١] مركز انتيكريتي – لندن، المصالحة الوطنية في العراق (دراسة مقارنة)، سلسلة اصدارات البيان للدراسات والتخطيط، رقم ٧، دارالكتب والوثائق، بغداد، ٢٠١٦، ص ٦.

*خۆ ئەگەر مەبەستی بڕیارەکە، گەڕانەوەی ئەو کوردانە بێت کە لەدوای لەشکرکێشییە سەربازییەکەی حکومەتی عێراق ئاوارەی ناوچەکانی تر بون، ئەوا دەبوو بەفەرمانی سەربازی و لەچوارچێوەی یاسادا ڕێگری بکرایە لەو لەشکرکێشییە کە زیاتر لە ١٣٦٠٠٠ کەس ئاوارە بون.*(٨٢)

*دیارە ئاوارەکان ناتوانن بەبڕیارێك بیر لەگەڕانەوە بکەنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، لەبەر ئەوەی بارودۆخی ئەمنی ڕێگەی ئەوە نادات، بەهۆی بونی هێزی نامۆ و هێزە میلیشیاکان، پێویستە وەك لەبڕگەکەدا هاتووە دۆخەکان هێور بکرێتەوە و هێزە جوڵێنراوەکان بگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنەی لێی هاتون و ئاشتی و ئاسایش بگەڕێنرێتەوە بۆ هەموو ئەو ناوچانە تا خەڵکەکە متمانە پەیدا بکات بە ڕەوشەکەو بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.*(٨٣)

*حکومەتی عێراق هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ قەرەبووکردنەوەو ئاوەدانکردنەوەی ناوچە زیانلێکەوتووەکان چونکە عێراق لەلایەك توانای ئاوەدانکردنەوەی نییە، بەهۆی ئەو زیانە گەورەیەی کەبەر زۆرێك لەشارو شارۆچکەکانی عێراق کەوتووە، کە ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی عێراق بە پێی ڕاپۆرتی (کۆنگرەی دوبارە بنیاتنانەوەی عێراق لە کوێت) بە ١٠٠ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت*(٨٤) *ئەمە لەلایەك، وە لەلایەکی ترەوە تا ئێستاش حکومەتی عێراق بەردەوامە لەبڕینی موچەو قوتی هاوڵاتیانی کورد، سەرەڕای ئەوەی دەستی گرتووە بەسەر زۆرینەی سەرچاوەداراییەکانی ناوچە کوردییەکاندا. بۆیە ئەم خاڵەش لەلایەن خودی حکومەتی ناوەندەوە جێبەجێ نەکراوە و هەنگاوی بۆ نەنراوە.*

**بڕگەی دوانزەیەم لە بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گرنگیداوە بە هاونیشتمانی بون و لەبڕیارەکەدا دەڵێت: *پارێزگاریکردن لەسەر پەیوەندی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ هاونیشتمانیانی کورد، بەوپێیەی پێکهاتەیەکی سەرەکین لەپێکهاتەکانی عێراق.***

*پەیوەندی نیشتمانی تەنها بە دروشم دان ناکرێت بەڵکو پێویستە بە گیانی هەستکردن بەبەرپرسیارێتی مێژووییەوە مامەڵە لەگەڵ هاوبەشە ڕاستەقینەکان بکرێت. جێگەی سەرنجە لەڕۆژی دەرچونی ئەم بڕیارەوە تا ڕوداوەکانی ١٦/ ١٠/ ٢٠١٧ لە کەرکوك و دوزخورماتوو ناوچەکانی تر تەنها ١٩ ڕۆژ تێپەڕیبوو کەخەڵکی ئەوناوچانە بەر شاڵاوێکی دڕندانە کەوتن کە دووربوو لەبەها مرۆڤایەتییەکان، دور لەگیانی هاونیشتمانی بون و تەبایی وپێکەوە ژیانی ئاشتیانەو بۆ تێکدانی یەکڕیزی نیشتمانی وکۆمەڵایەتیە کە بانگەشەی بۆ ئەکەن، وە ئەو هێرشە ناڕەوایەیان کردە سەر ئەو پێکهاتە گرنگە سەرەکییەی عێراق و دەیان هەزار خەڵکی سڤیلیان لەسەر ماڵ و زێدی خۆیان دەربەدەرکرد و ماڵی دەیان هاوڵاتیان سوتاند و دوکانی سەدان هاوڵاتیان لە دوزخورماتوو بە تاڵان برد*(٨٥)*، وە دەیان کەسیان شەهید کرد و سوکایەتییان بە ئاڵاو پیرۆزییەکانی ئەو*

---

(٨٢) نازحون أكراد في شمال العراق، بحث منشور على الموقع الالكتروني RT، تأريخ النشر ٢٣/ ١٠/ ٢٠١٧.
https://arabic.rt.com/world/906150 (2017/11/20)

(٨٣) المنظمة الدولية للهجرة في العراق، النزوح الداخلي في العراق:معوقات الاندماج، بغداد، ٢٠١٣، ص ٤٢.

(٨٤) نهاد الحديثي، مؤتمر اعادة اعمار العراق في الكويت هل يعيداعمار المناطق المحررة؟، المنشور على الموقع الالكتروني كتابات، تأريخ النشر ١٠/ ٢/ ٢٠١٨. (2018/2/11) https://kitabat.com/2018/02/10

(٨٥) ماڵپەری فەرمی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە ٢٤/ ١٠/ ٢٠١٧ (٢٧/ ١٠/ ٢٠١٧)

*پێکهاتە سەرەکیە کرد کە هاوبەشی ڕاستەقینەیان بوو لەشەڕی داعشدا بەبەرچاوی جیهانەوە داستانی قارەمانێتیان تۆمارکرد، لەکاتێکدا هێزە عێراقییەکان زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان چۆڵ کردو توانای بەرگرییان نەمابوو. دەستکردنەوەو ڕێگەدان بە میلیشیا مەزهەبییەکانی حەشدی شعبی (کە دروستبونی ئەم هێزانە دژی مادەی ٩ دەستورە)[٨٦] بۆ هێرشکردنە سەر ئەو ناوچانە دژی بنەماکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەو هاوبەشی ڕاستەقینەیە لەعێراقدا چونکە سیستەمی فیدراڵی لەسەربنەمای یەکگرتنێکی ئارەزومەندانە دروست دەبێت، وە ئەم یەکبونە فاکتەرێکە بۆ بەدیهێنانی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و پاراستنی قەوارە سیاسیەکە،[٨٧] بەڵام ئەوەی لەعێراق ڕوودەدات گیانی دوژمنایەتی و بیری لێکترازان زیاتر دەکات. گورزی کوشندە لە دەستورو ئایندەی عێراق ئەدات.*

**٣–٧: مەرجدانان لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە و قبوڵ نەکردنی مەرج لەحکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گفتوگۆ.**

**بەپێی کۆتا خاڵی بڕیارەکە: پێویستە لەسەر حکومەت کە گفتوگۆی مەرجدار قبوڵ نەکات، مەگەر دوای هەڵوەشانەوەی ئەنجامی ڕاپرسییەکە.**

*زۆرینەی خەڵکی کوردستان بەشداریان کرد لە دەنگدان بۆ ڕاپرسییەکە[٨٨] وە ئەنجامی ڕاپرسییەکە دەربڕی ئیرادەی زۆرینەی ڕەهای میللەتێکە، بۆیە لەڕوی یاساییەوە هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئەنجامە مانایەك نابەخشێت، ڕەنگە بۆ ماوەیەکی ئەنجامەکە سڕ بکرێت و کاری پێنەکرێت، تەنانەت ئەگەر لەژێر فشاریشدا سەرکردایەتی سیاسی کورد ناچار بێت کە بڕیار بدات بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی ڕاپرسییەکە، بەڵام ئەوە نرخێکی یاسایی نابێت، مەگەر جارێکی تر بەهەمان ڕێکاری یاسایی ڕاپرسییەکی تر بکرێت بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو ئەنجامە.*

*بەڵام ئەوەی کە جێی سەرنجە ئەوەیە کە حکومەتی ناوەندی لەکاتێکدا گفتوگۆی مەرجدار قبوڵ ناکات بەڵام لەهەمان کاتدا چەندین مەرجی داناوە بۆ گفتوگۆکردن و بۆتە هۆی پچڕانی پەیوەندییەکان لەنێوان هەولێرو بەغداد. بۆیە تا کاتی نوسینی ئەم توێژینەوە ئاسۆی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولا ڕون نییەو چارەسەری کێشەکان بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە.*

***کۆتایی:***

---

https://www.amnesty.org/ar/press-releases/2017/10/iraq-fresh-evidence-that-tens-of-/thousands-forced-to-flee-tuz-khurmatu-amid-indiscriminate-attacks-lootings-and-arson

(٨٦) مادەی ٩ دەستوری عێراق برگەی یەکەم (ب– قەدەغەیە میلیشیای سەربازی دروست بکرێت لە دەرەوەی هێزەچەکدارەکان).

(٨٧) د. عەبدوڵلا عەتەوی، دەوڵەت و کێشە نێودەوڵەتییەکان، وەرگێرانی (جزا توفیق تالیب، ئەحمەد عەلی ئەحمەد)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، لاپەرە ١١٨.

(٨٨) استفتاء اقليم كوردستان، مصدر سابق.

*لەم توێژینەوەیەدا کە تایبەت بوو بە بڕیاری ژمارە (٥٥)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەنجامی ڕاپرسییەکەی هەرێمی کوردستان لە ٢٥/ ٩/ ٢٠١٧ دا. هەوڵمانداوە خاڵەکانی بڕیارەکە شیبکەینەوە لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی و دەستوری کۆماری عێراقی فیدراڵ بۆ ساڵی ٢٠٠٥ . لەکۆتاییدا گەیشتین بەچەند دەرئەنجام و ڕاسپاردەیەک:*

***دەرئەنجامەکان:***

*١- بڕیارەکە ئەوەندەی ڕەهەندێکی سیاسی هەیە ئەوەندە یاسایی نییە، چونکە لەهەندێ خاڵدا پێچەوانەی دەستورو بنەما نێودەوڵەتییەکانە.*

*٢- حکومەتی عێراق خۆی پابەندی دەستور نەبووە، وە بۆ چارەسەری کێشەکان پشتی بە دەستور نەبەستووە بەڵکو دەستوری وەک ئامرازێك بەکارهێناوە بۆ تاوانبارکردنی هەرێمی کوردستان بەتایبەت لەپرسی ڕاپرسیدا.*

٣- جیابونەوەو گەیشتن بەمافی چارەی خۆنوسین لەلایەن گەلی کوردەوە داوایەکی نایاسایی ونادەستوری نییە، بەو پێیەی عێراق یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەیە واتە بەشاراوەییەی (ضمنی) مافی جیابونەوە ئەدات.

٤- لای حکومەتی عێراق چەمکی هێز زاڵە بەسەر چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکان.

٥- جیاکاریکردن لەنێوان پێکهاتەکانی عێراق لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە، بەجۆرێك کە کورد هەست بە هاووڵاتی بونی خۆی نەکات لە چوارچێوەی عێراقدا، واهەست بکات بەماف و ئازادییەکانی خۆی نەگەیشتووە.

٦- مامەڵەکردنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرژەوەندیخوازانە لەبەرانبەر پرسە گرنگەکاندا، چونکە مافەکانی مرۆڤ و گەیشتن بە مافی چارەی خۆنوسینی گەلان، لەبەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا جەختی لێکراوەتەوە، بەڵام ڕاپرسی هەرێمی کوردستان وەك مافێك لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە پشتگیری لێنەکرا.

**ڕاسپاردەکان:**

١- ڕێزگرتن و پابەندبون بەمافەکانی مرۆڤەوە، وەجیاوازی نەکردن لەسەر بنەمای نەتەوەو ئایین و زمان. وە بەگژاچونەوەی توندوتیژی و بەکارهێنانی هێز.

٢- هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەوڵەتی یاسا، کە لەسایەیدا ماف و ئازادییەکان دەستەبەر بکرێت، وە هیچ کەسێك توشی سزاو لێپرسینەوە نەبێت لەسەر پیادەکردنی مافێك وەك ئازادی ڕادەربرین لەناویشیاندا ڕاپرسی .

٣- قولّكردنەوەی گیانی هاوكاری و تەبایی لەنێوان پێكهاتەكانی عێراق تا بتوانن پێكەوە بژین، وە رێگەنەدان بە هەر لایەن و دەسەڵاتێك كە پێشێلكاری بەرانبەر پێكهاتەیەكی تر ئەنجام بدات.

٤- دەستوری عێراقی فیدراڵ چەندین مافی گرنگی بۆ كورد دابینكردووە، بۆیە دەبێت كورد پێوەی پابەندبێت تا ئەوكاتەی بریارِ لە چارەنوسی خۆی ئەدات. تا عێراق نەیكاتە بیانویەك بۆ جێبنەكردنی ئەركە دەستورییەكانی.

٥- پێویستە حكومەتی هەرێم شەفاف بێت، داهاتەكانی ئاشكرا بكات بەتایبەت لەپرسی نەوتدا، وە پێداگربێت لەپرسی چاكسازیدا، هەوڵی تەواو بخاتە گەر بۆ بنبڕكردن گەندەڵی، لەپێناوی یەكریزی كوردو رێكخستنەوەی ناوماڵی كورد، تا بتوانن بە یەك دەنگ و یەك رەنگ لەگەڵ بەغداد كێشەكان چارەسەر بكەن.

٦- دادگای فیدراڵی باڵا، لایەنێكی گرنگە بۆ یەكلاكردنەوەی كێشە دەستورییەكانی نێوان هەرێم و حكومەتی عێراق، بۆیە پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان گرنگی بدات بەم دادگایەو تا لەم رێگایەوە مافە كێشە دەستورییەكانی چارەسەربكات.

٧- گرنگیدان بە مافی چارەی خۆنوسین و راپرسی وەك هۆكارێك بە گەیشتن بەو مەبەستە، لەلایەن توێژەر و بنكەكانی توێژینەوە و زانكۆكان و دەزگا ئەكادیمیاییەكان.


Abstract

Iraqi Council of Representatives In its regular session number 23rd on the 27/9/2017 lead by Dr. Saleem Al- Jbori) the speaker of Iraqi Representative council (Perelman), with the attendance of the Iraqi federal prime minister Dr, Hayder Al Abadi and Iraqi consultants Minister of Defense and Interior and minister of OIL with (184) parliament members drafted decision number (55) related to (Kurdistan Referendum ) when none of the Iraqi Council of Representative Kurdish members attendance.

As stated in one of this decision points that Kurdish are one of the essential component of Iraq and it should be protected, however the session was held without their presence.

The decision made was forcible to the Iraqi prime minster to implement, as some saw that the decision made wasn't applicable to Iraqi constitution, it was mostly political. This research investigated and compared the decision's points number (55) with the applicable Iraqi Constitution and the Universal Declaration of Human Right in order to answer these questions that the decision made depending on the international law and applicable laws.

**المصادر:**

**الوثائق والبيانات:**

١– الاعلان العالمي لحقوق الانسان، اعتمد ونشر على الملأ بموجب قرار الجمعية العامة للأمم المتحدة ٢١٧ ألف (د–٣) المؤرخ في ١٠ كانون الأول/ديسمبر ١٩٤٨

٢– بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەشاری سان فرانسیسکو دەرچووە لە رۆژی ٢٦ حوزەیران ١٩٤٥.

٣– پەیماننامە بنەڕەتییە نێودەوڵەتیەکانی ماڤی مرۆڤ، وەرگێرانی بۆ کوردی ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤ – نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عێراق، لە بڵاوکراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، ساڵی ٢٠١٦.

٤– جارنامەو بەرنامەی کاری ڤییەنا، کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ، لەڤییەنا لەنێوان ١٤–٢٥/ ٦/ ١٩٩٣.

٥– جارنامەی فەرەنسی بۆ مافەکانی مرۆڤ و هاوولاتی ، ساڵی ١٧٨٩.

٦– جارنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافی گەلانی رەسەن لە ١٣/ ٩/ ٢٠٠٧.

٧– منظمة العمل الدولية، مرفق الإعلان الخاص بأهداف ومقاصد منظمة العمل الدولية، ثانياً/ فقرة أ.

٨– نوسراوی ئەمینداریێتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بە ژمارە ق/ ٢/ ٢ – ٩٤ اتحادية/ ٢٠١٧

٩– قرار المحكمة الاتحادية العليا، العدد ١٠١/ اتحادية/ اعلام/ ٢٠١٧.

١٠– قرار المحكمة الاتحادية العليا، العدد ١١٣/ اتحادية/ إعلام/ ٢٠١٧.

١١– راپۆرتی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە ٢٤/ ١٠/ ٢٠١٧.

**الدساتير والقوانين :**

١– دستور جمهورية العراق الاتحادي لسنة ٢٠٠٥.

٢– قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية لسنة ٢٠٠٤.

٣– قانون المحافظات غير المنتظمة في إقليم رقم ٢١ لسنة ٢٠٠٨

٤– قانون السلطات الحكومية المحلية *رقم ٧١ لسنة ٢٠٠٤*

٥– قانون العقوبات العراقي رقم ١١١لسنة ١٩٦٩.

**الكتب:**

١– المنظمة الدولية للهجرة في العراق، النزوح الداخلي في العراق:معوقات الاندماج، بغداد، ٢٠١٣.

٢– بلند ابراهيم حسين شالى، العلاقة بين الحكومة الاتحادية والحكومات المحلية في النظم الفيدرالية (دراسة حالة العراق)، من منشورات مركز كردستان للدراسات الستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٤.

٣- د.جاسم توفيق حۆشناو، مەسەلەی کوردو یاسای نێو دەوڵەتان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٤- دلاور عثمان مجيد، دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥ (دراسة سياسية تحليلية)، من منشورات أكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر، السليمانية، ٢٠١٢.

٥- د.حسان محمد شفيق العاني، نظرية الحريات العامة – تحليل ووثائق حقوق الانسان، المكتبة القانونية، بغداد، ٢٠٠٤.

٦- د. محمد المجذوب، التنظيم الدولي النظرية والمنظمات العالمية والاقليمية والمتخصصة، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، الطبعة الثامنة، ٢٠٠٧.

٧- د. محمد المجذوب، القانون الدولي العام، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، الطبعة السادسة، ٢٠٠٧.

٨- مركز انتيكريتي – لندن، المصالحة الوطنية في العراق (دراسة مقارنة)، سلسلة اصدارات البيان للدراسات والتخطيط، رقم ٧، دارالكتب والوثائق، بغداد، ٢٠١٦.

٩- د. سهيل حسين الفتلاوي، التنظيم الدولي، دار الثقافة، عمان، ٢٠٠٧، ص ١٠١. و ينظر خليل اسماعيل الحديثي، الوسيط في التنظيم الدولي، جامعة بغداد، ١٩٩١.

١٠- د. عبدالله على عبو، القانون الدولي العام ، مكتبة يادكار لنشر الكتب القانونية، السليمانية، ٢٠١٥.

١١- د. عەبدوڵڵا عەتەوی، دەوڵەت و کێشە نێودەوڵەتییەکان، وەرگێرانی (جزا توفيق تاليب، ئەحمەد عەلی ئەحمەد)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

١٢- د. عصام العطية، القانون الدولي العام، الطبعة الثانية، المكتبة القانونية، بغداد، ٢٠١٢.

١٣- عثمان رحمن محمد، تأثيرات القانون الدولي لحقوق الانسان في الدستور العراقي الدائم، من منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١١.

١٤- د. صلاح الدين عامر، مقدمة لدراسة القانون الدولي العام، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٧.

١٥- د. شورش حسن عمر، خصائص النظام الفدرالي في العراق، دراسة تحليلية مقارنة، من منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٩.

**المواقع الالكترونية:**

١- الموقع الالكتروني (الجزيرة)

http://www.aljazeera.net/specialfiles/pages/dfcb101d-1cf5-45e3-8175-970d5b7434ce

٢- الموقع الالكتروني الحوار المتمدن.

http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=235116

٣- الموقع الالكتروني (كتابات) https://kitabat.com/2017/09/24/

٤- الموقع الالكتروني (بى بى سى/ عربي) الاعلامية http://www.bbc.com/arabic/middleeast-41417117

٥- الموقع الرسمي لحكومة اقليم كوردستان

http://www.gov.krd/a/d.aspx?a=17489&l=14

٦- الموقع الرسمي لمنظمة العفو الدولية

https://www.amnesty.org/ar/latest/news/2018/01/iraq-committee-to-investigate-abuses-in-tuz-khurmatu-a-welcome-step

٧- الموقع الألكتروني (وان نيوز)

http://oneiraqnews.com/index.php?aa=news&id22=2768#.WqrIJ2pubX4

٨- الموقع الالكتروني (السومريه نيوز)

http://www.alsumaria.tv/news/197259

٩- الموقع الالكتروني (مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية)،

http://www.ecssr.com/ECSSR/print/ft.jsp?lang=ar&ftId=/FeatureTopic/Walid-Khadduri/FeatureTopic_1573.xml

١٠- الموقع الالكتروني (ن بوست) https://www.noonpost.org/content/19972

١١- الموقع الالكتروني (عراق برس) https://www.iraqpressagency.com/?p=63669

١٢- الموقع الالكتروني (كورديو)

http://www.kurdiu.org/index.php/ku/news/kurdistan/32014

١٣- الموقع اللكتروني RT، https://arabic.rt.com/world/906150